ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# هەڵەبجە

## کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی

جەبار ئەحمەد



١٦ی ئازاری ٢٠٢١

# هەڵەبجە

## کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی

**نوسین و ئامادەکردنی: جەبار ئەحمەد شەمسەدین**

**پێداچونەوە: گەیلان عەباس**

Email: research.gorran@gmail.com

**ئازاری ٢٠٢١**

**پێرست**


پوختە.......................................................... ٥
پێشەکی.......................................................... ٦
**بەشی یەکەم** .......................................................... ١٠
یەکەم: چەکی کیمیایی.......................................................... ١١
شیکردنەوەی زاراوەکانی چەکی کیمیایی.......................................................... ١١
چەکی کیمیایی کۆن.......................................................... ١١
چەمکی پاشماوەی چەکی کیمیایی.......................................................... ١٢
دەستەواژەی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیایی.......................................................... ١٢
جۆرەکانی چەکی کیمیایی و تایبەتمەندی و نیشانەکانی هەرجۆرێکیان: .......................................................... ١٢
گرنگترین ڕوداوەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەمێژودا .......................................................... ١٤
بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان.......................................................... ١٦
دوەم: هەڵەبجە.......................................................... ١٧
تایبەتمەندی سروشتی هەڵەبجە .......................................................... ١٨
سێهەم: تایبەت مەندیە مرۆیە کانی هەڵەبجە .......................................................... ٢٠
لەڕوویی کۆمەڵایەتیەوە.......................................................... ٢١
لەڕوی ئابوری و بازرگانیەوە.......................................................... ٢١
هەڵەبجە لەڕویی ئاینیەوە .......................................................... ٢٢
پێگەی سیاسی هەڵەبجە .......................................................... ٢٣
**بەشی دوەم**.......................................................... ٢٤
یەکەم: شەڕی عێراق و ئێران: کورد لەونێوانەدا.......................................................... ٢٥
دوەم. ڕۆڵی پێشمەرگە لە کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران.......................................................... ٢٦
سێهەم. سیاسەتی بەعس دژ بەکورد لەکاتی جەنگەکەدا .......................................................... ٢٦
چوارەم: روداوی کیمیابارانی هەڵەبجە ١٦ی ٣ی ١٩٨٨ .......................................................... ٢٨
پێنجەم. ئاماری شەهیدو بریندار و بێسەروشوێنەکانی کارەساتەکە.......................................................... ٣١
شەشەم. ناوی ئەو وڵاتانە بەپێدانی کەرەستەی چەکی کیمیایی هاوکاری ڕژێمی بەعسیان کردوە .......................................................... ٣٢
حەوتەم. ناوی تاوان بارانی دۆسێی کیمیابارانی هەڵە بجە.......................................................... ٣٣
هەشتەم: رەنگدانەوەی کارەساتی هەڵەبجە لەئاژانسە نێودەوڵەتیەکاندا .......................................................... ٣٤
نۆیەم: هەڵوێستی ئەمەریکا دەربارەی کارەساتەکە .......................................................... ٣٥
**بەشی سێهەم**.......................................................... ٣٧
بارو دۆخی دوای کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە.......................................................... ٣٨
یەکەم: کاریگەری چەکی کیمیای لەسەر لایەنە مرۆیەکانی شاری هەڵەبجە .......................................................... ٣٨
دوەم: کاریگەری و لێکەوتەی چەکی کیمیایی لەسەر خەڵکی هەڵەبجە .......................................................... ٣٩
سێهەم: کاریگەری کیمیایی لەسەر نەوەکانی داهاتو.......................................................... ٤١

چوارەم: کاریگەری ئەو چەکە لەسەر ڕاگواستن و بێسەرو شوێن کردن ........................ ٤٣
پێنجەم: کاریگەری لەسەردابەش بونی دیمۆگرافیای هەڵەبجە........................ ٤٤
پوختەو دەرئەنجام........................ ٤٦
راسپاردەکان بۆچارەسەری کێشەکان ........................ ٤٧
سەرچاوەکان ........................ ٤٩

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەگشتی تیشکی خستوەتە کارەساتی کۆمەڵکوژی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ی هەڵەبجەو کیمیابارانی ئەو شارە لەلایەن رژێمی پێشوی عێراق و شەهیدکردنی زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی ئەو شارە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە جگە لەناساندنی شاری هەڵەبجە لەروی پێگەو سروشتی جوگرافی ئەو شارەو پێکهاتەی دیمۆگرافی، هاوکات لەروی زانستیشەوە هەوڵدراوە چەکی کیمیایی بناسێندرێت و شیکردنەوە بۆ زاراوەکانی چەکی کیمیایی و جۆرو نیشانەو کاریگەرییەکانی ئەو چەکەو مێژوی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گرنگترین ئەو ڕوداوانەش کە لەجیهاندا کەتیایدا چەکی کیمیایی بەکارهێندراوە. دواتر باسمان لەلێکەوتەو کاریگەرییەکانی ئەم چەکە کردوە لەسەر شاری هەڵەبجەو هاوڵاتیانەکەی لەماوەی ٣٣ ساڵی رابردودا.

سەرەرای نەبونی ئامارێکی دروست، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بەپێی توانا ئامارێکی راست و دروست بخەینەرو، تایبەت بەژمارەی شەهیدان و بریندار‌بوان و بەرکەوتوانی کارەساتەکە. لەگەڵ خستنەروی مەبەستەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەهەڵەبجەو چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی کیمابارانی شاری هەڵەبجەو تالآن کردنی ماڵی خەڵک و بردنی مومتەلەکاتی دەزگاکانی دەوڵەت، لەگەڵ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی وڵاتانی ناوچەکە لەهاوکاری کردن و بەفریاکەوتنی دانیشتوانی ئەو شارەو ئاماژەدان بە چۆنیەتی ڕزگار بونی دانیشتوان، بەرپەرچدانەوەی سوپای عێراق و شەهیدکردنی هاونیشتمانی سڤیل لەلایەن سوپای عێراقەوە.

لەلایەکی دیکەوە گفتوگۆمانکردوە دەربارەی سیاسەتی ئەوکاتەی رژێمی بەعس بەتایبەت لەسەر ئاستی کوردستان و کاریگەرییەکانی شەری ئێران و عێراق لەسەر هەڵەبجە، لەگەڵ خستنەروی هەڵوێستی ئەمریکاو ئاژانسە نێودەولەتییەکان، سەبارەت بەوتاوانە کۆکوژیە لەوکاتەدا. دواجار لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا کۆمەڵێک راسپاردە بۆ چارەسەری کێشەو گیروگرفتەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی پێشنیار کراوە.

## پێشەکی

### گرنگی توێژینەوە لەسەرکیمیابارانی هەڵەبجە

گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ ئەو مەبەستەیە کە ئاسەوارو پاشماوەو کاریگەری ئەو چەکانە لەسەر بەرکەوتوانی ئەو چەکە لەو شارەدا بخرێتەرو، بەتایبەتی لەسەرلایەنی تەندروستی هاوڵاتیانی هەڵەبجە، لەگەڵ ئاماژەدان و ئاشکراکردنی ئەو شوێنانە لەهەڵەبجەدا کەتائێستا پاشماوەی ئەوچەکەیان تیاداماوە.

### سنوری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە سەرنجی خستوەتەسەر سەرکاریگەری بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان، لەسەر ناوچە بۆردومانکراوەکان. لەڕوی سنوری جوگرافیەوە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، وەک نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، لەڕویی کاتە وە بەرواری (١٦-٣-١٩٨٨) بەرۆژی بەکارهێنانی ئەوچەکە دەستنیشان کراوە، لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا .

### گریمانەی توێژینەوەکە

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە بونیادنراوە لەسەر:

١. ژمارەی ون بوەکان لەکاتی رودانی کارەساتەکەوە تا ئەمرۆ، پێویستیان بەرون کردنەوەی زیاتر هەیە.

٢. شەهیدەکان کەژمارەیان وردو دروست نییە، بۆیە پێویستدەکات رونکردنەوەی زیاتریان لەسەر بدرێت.

٣. ژمارەیەکی دروستی بەرکەوتوان تائێستا بونی نیە. بەم هۆیە ژمارەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان رو لەزیادبونەو رۆژانەش هاوڵاتیانی بەرکەوتو لەگەڵ نەخۆشیەکانیان لەململانێدان.

٤. شوێنی پاشماوەی چەکە بەکارهاتوەکان ڕون نیە دەکرێت لەهەرکاتێکدا هاوڵاتی تربن بەقوربانی.

### مەبەستەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

توێژەر لەماوەی ئەوچەند ساڵەی ڕابردودا کاری لەسەرکەیسی هەڵەبجە کردوە، پەیوەندی هەیە لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی تایبەت بەو بوارە خاوەنی نوسینە وچەندین چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی ئەنجامداوە لەگەڵ قوربانیانی بەرکەوتوی ئەوچەکەدا. کارەساتی کیمیاباران کردن بوو بەهۆی دروستکردنی کۆمەڵێک گۆڕان کاری وهاتنە ئارای کۆمەڵێک لێکەوتەی خراپ لەوانە: (پچراندنی شیرازەی خێزان، خراپ بونی باری تەندروستی تاک وکۆمەڵ لەناوچەکە، گۆڕانی دیمۆگرافی ناوچەکە بەهۆکارەکانی کۆچ ومردنی بەکۆمەڵ) ....هتد

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆدەرخستنی ئەوسەرە داوانەی تاوەکو ئێستا بەنادیاری ماونەتەوە گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی قوربانیانی ئەو کارەساتە وەک خۆی .

**ئامانج لەنوسینی ئەم توێژینەوەیە**

ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەدەرخستنی کاریگەریە خراپەکانی چەکی کیمیایی لەسەردانیشتوانی هەڵەبجە، بەوپێیەی ئەم چەکەو پاشماوەکەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک نەخۆشی ترسناک، ئەم نەخۆشیانە نەوە لەدوای نەوە دەگوازرێنەوە، دەبنە هۆی پەیدابونی نەخۆشی درێژخایەن. هەندێک ناوچە لەناوشاری هەڵەبجەدا بونەتە گۆڕی بەکۆمەڵ، کەس پەی بەدۆزینەوەیان نابات، هەندێک منداڵی هەڵەبجەیی ونبو، لەم ساڵانای دوایدا خێزانەکانیان دۆزیەوەو دەیان خێزانی دیکەش چاوەڕوانی گەڕانەوەی منداڵە ونبوەکانیانن. ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەئەنجامدانی شیکارێکی جوگرافی بۆ کاریگەریەکانی چەکە کیمیاییەکان لەسەرلایەنی مرۆیی سەنتەری شاری هەڵەبجە.

بۆگەیشتن بەم ئامانجە توێژەر مەبەستیەتی بابەتەکە دابەش بکات بەسەرچەند ئامانجێکی تایبەتدا، تیایدا چەندین پرسیاری تایبەت بوروژێنێت بۆئەوەی لەڕێگەی وەڵام دانەوەو بەردەست خستنی وەڵامی پرسیاری ئامانجە تایبەتەکانەوە وەڵامی ئامانجە گشتیەکەی دەست بکەوێت .

١. ناوچە بۆردومانکراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە کامانەن؟.
٢. جۆری ئەوگازە بەکارهێنراون، تایبەتمەندیە کانیان چین؟.
٣. کاریگەری ئەو گازانە لەسەر لایەنی مرۆیی شارە کە چیە؟.
٤. تا چ رادەیەک پاشماوەی ئەوچەکانە ماون لەناو شارە کەدا؟.

**کێشەی توێژینەوەکە**

نەبونی سەنتەری توێژینەوەی زانستی، کەمی سەرچاوەی زانستی، کۆچی بەرکەوتوان، نەبونی هوشیاری تاک لەسەرپاشماوەی ئەوچەکەو کاریگەری لەسەر ئەوکێشەوگرفتە کۆمەڵایەتیانەی کەخەڵکی هەڵەبجە بەدەستیانەوە دەناڵێنن، نەبونی داتا لەسەرمنداڵانی ونبو، ئەوئافرەتانەی بێوەژنکەوتون، چەند خێزان توشی پەرتەوازەیی بون، ئایا ئەو کارەساتە چەند بوەتە هۆی درەنگ کەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری؟.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کەدەکرێت ئەم لایەنانە سودی لێوەربگرن:

١. لایەنە پەیوەندی دارەکانی وەک (وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی شەهیدان، وەزارەتی پەروەردە، دەزگای ئامار، دەزگاکانی کەش ناسی،، وەزارەتی کشتوکاڵ، ڕەگەزنامە ).

٢. توێژەرانی ئایندە دەتوانن سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن کەبەشێوەیەکی جیاواز لەگۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبەکان نوسراوە، بەشێوەیەکی ئەکادیمی تیشکی خستوەتە سەر کاریگەریەکانی چەکی کیمیایی لەسەر بەرکەوتوانی ئەوچەکەو منداڵە ونبووەکان و دەست نیشان کردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ئەو زەوییانەی پیسبون و کەڵکی نیشتە جێ بونیان نەماوە بەهۆی بڵاو بونەوەی پاشماوەکانی شەڕەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا دوجۆر لەمیتۆد بەکارهاتوە

- ✓ میتۆدی مێژوی
- ✓ میتۆدی وەسفی
- ✓ میتۆدی شیکاری .

لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر چاو پێکەوتنی ڕۆژنامەوانی ئەنجام داوە لەگەڵ کەسانی سەرو ١٨ ساڵ. هاوکات سود لەسەرچاوە ڕەسمیەکان وەرگیراوە بۆکۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، بایەخیش بەو سەرچاوانە نەدراوە کەڕەسمی نین.

**گرفتی بەردەم توێژینەوە کە**

نەبونی ئاماری راست و دروست لەبارەی ژمارەی شەهید، بەرکەوتو، ونبون، گەورەترین گرفتی بەردەم ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بو. لەمبارەیەوە بەرێوەبەری دەزگای شەهیدانی هەڵەبجە (کامەران مستەفا عەبدولا)، هۆکاری نەبونی ئامارێکی دروستی گەڕاندەوە بۆ ئەم گرفتانە:(ژمارەی شە هیدان ساڵانە گۆڕان کاریان بەسەردا دێت، بەهۆی ئەوەی بریندارەکان تائێستاش لێیان شەهید ئەبێت، هەندێک گۆڕی بەکۆمەڵ هەن هێشتا شوێنیان نەزانراوە، کاتێک لە هەڵکەندنی شوێنێک دەردەکەون بەمەش ژمارەی شەهیدان گۆڕانی بەسەردا دێت ...).

لەلایەکی دیکەوە، توێژەر هەوڵیداوە پەیوەندی و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک کەسایەتیدا ئەنجامبدات، کەلەنێو روداوەکەدا بون و ئێستا شاهیدی زیندون، بەڵام بەشێکیان بەردەوست نەبون، یاخود وەڵامیان نەبوو. لەلایەکی دیکەوە، نەبونی نەخشەیەکی دروستی کارەساتەکە، گرفتێکی دیکەی بەردەم توێژەر بو. کەنەتوانێت بەتێرو تەسەلی ئاماژە بەڕوداو لێکەوتەکانی ئەو کارەساتە بدات.

**شیکردنەوەو گفتوگۆی زانیاری و ئەنجامەکان**

<u>زانیاری لەسەر کۆکردنەوەی زانیارییەکان:</u> زانیاریەکان سەرەتای بون، ئەو داتاو زانیاریانەی بەکارمان هێناون، لەناوخشتە یان وێنەدا ڕێکمان خستون، بەشێوازی ڕون، دامان ناون لەناو توێژینەوەکەدا. سود وەرگیراوە لە وسەرچاوانەی کەلەلایەن دەزگا حکومی و ناحکومی و ئاکادیمیاکانەوە باوەڕپێکراون.

<u>زانیاری لەسەرکەش و هەوا:</u> کەش وهەوا، یەکێکە لەو زانیاریە تۆماکراوانەی کەلەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەکاری هێناوە، خۆی دەبینێتەوە لەزانیاری لەبارەی ڕەگەزەکانی کەش و هەوای شاری هەڵەبجە، وەک (پلەی گەرمی با، شێ، دابارین). لەدەست کەوتنی ئەم زانیاریانەدا، توێژەر هەوڵیداوە پەنا بەرێتە بەرسەنتەرو وێستگە فەرمیەکان بۆئەم مەبەستەش داتاکانی کەش و هەوای لەسەنتەری کەش ناسی هەڵەبجە وەرگرتوە .

<u>زانیاری لەسەر دانیشتوان:</u> یەکێک لەو زانیاریە تۆمارکراوانەی کەتوێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکاری هێناوە خۆی دەبینێتەوە لەزانیاری لەبارەی دانیشتوان، لەپێش کارەسات و دوای کارەساتەکەوە. کەلەهەڵەبجەدا نیشتەجێن، لەدەستکەوتنی ئەم زانیاریانەدا توێژەر هەوڵی داوە پەنابەرێتە بەر فەرمانگەی

ئاماری هەڵەبجە بۆدەستکەوتنی ئاماری ڕاست ودروستی دانیشتوان پێش کارەسات ودوای کارە ساتەکە.

یەکێک لەوزانیاریانەی کەتوێژەرلەم توێژینەوەیەدابەکاری هێناوە، بریتیەلە ئاماری وردو دروستی قوربانیانی ئەو کارەساتە، بۆ دەستکەوتنی زانیاری وردو دروست، توێژەر پەنای بردوەتە بەردەزگای شەهیدان و کۆمەڵەی قوربانیانی ئەوکارەساتە لەناوشاری هەڵەبجە، بەڵام داتایەکی وردو دروستی شەهیدان وە بریندارا وەبێسەر و شوێنانی دەست نەکەوتوە، بەبیانو گەلی جۆراوجۆ.

# بەشی یەکەم

## یەکەم: چەکی کیمیایی

چەکی کیمیایی کۆمەڵیک گاز و ژەهری کوشندەیە لەکاتی بەرکەوتنی بە مرۆڤەکان دەیان کوژێت. توانایەکی زۆر بەهێز و مەترسی گەورەیان هەیە، لەڕێگەی کڵاوەی ڕۆکێتی ئاخنراو بەمادەی کیمیایی ئاراستەدەکرێن و سود لەئاراستەی با دەبینێت بۆبڵاوکردنەوەی ژەهرەکەی.
چەکی کیمیای جۆرێکە لە جۆرەکانی چەکی کۆکوژ (اسلحه الدمار الشامل weapons of mass destruction ) کە هەریەک لەچەکی (بایۆلۆجی و ناوکی و تیشک ) دەگرێتەوە، و بەکارهێنایان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە، چەکی کیمیایی بە جۆرەها شێوە ئاراستە دەکرێت لەڕێگای تۆپی دوور هاوێژ، هاوەن، موشەک،کاتیوشا، هەناری دەستی، مین، بۆمبی فرۆکەوە، هەندێ جار بە شێوەی پرژاندن لە ئاسمانەوە، یان لەڕێگای چەکی ئاگر پژێنەوە، بەشێوەی شل، گاز، مادەی ڕەق هەیە. چەکی کیمیایی کاریگەری لەسەر بونەوەری زیندوو هەیە واتە مرۆڤ و گیانلەبەرەکان دەکوژێت، لەرێگای کاریگەری راستەو خۆە لەسەر جەستەیان. (د.ناجح گوڵپی، چەکی کیمیایی)
میکانیزمی کارکردنی چەکی کیمیایی پەیوەستە بەئامانج و ویستی بەکارهێنەرانی ئەو چەکە، بەڵام دەتوانین بڵێین کەئەرکە سەرەکیەکەی بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەکاریگەریەکەیدا دەبینێتەوە، لەسەر هێزی مرۆیی دوژمن و دەستەوەستان کردنی دوژمن لەسود وەرگرتن لەو ناوچەیەی کەلەژێر دەستیایەتی، ڕێگری کردن لە بەرەو پێش چون و بۆردومان کردنی ناوجەرگەی بەرەی دوژمن. لاواز کردنی ڕۆحی مەعنەوی و دروست کردنی کاریگەری لەسەر لایەنی بەرانبەر.
دەستەواژەی مادەی کیمیایی، واتە هەرمادەیەکی کیمیایی کە لەرێگەی کارلێکە کیمیاییەکەیەوە دەبێتە هۆی مردن یان کەمئەندام بونی ماوە کورت، یاخود زیانی هەمیشەیی بەمرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دەگەیەنێت. ئەمەش هەمو ئەومادەکیمیایانە دەگرێتەوە کەبۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتون بەبێ گوێدان بەسەرچاوەی دروست بونی یان ڕێگەی دروست کردنەکەیەوە.

### شیکردنەوەی زاراوەکانی چەکی کیمیایی

چەکی کیمیایی واتە:

١.هەمو کەرەستە کیمیاییە مەترسی دارەکان و هاوشێوەکانیان.
٢.هەمو ئەوچەک وتەقەمەنیانەی کەئامادەکراوە بەمەبەستی کوشتن یان زیان بەخشین لەڕێگەی بەکارهێنانیەوە.
٣.هەمو کەرەستەئامادەکراوەکان کەتایبەتن بەبەکارهێنانی ڕاستەوخۆلەڕێگەی ئەم تەقەمەنیانەوە.

### چەکی کیمیایی کۆن

١)هەمو ئەوچەکانە دەگرێتەوە کەبەر لەساڵی ١٩٢٥بەرهەم هێنراون.
٢)هەمو ئەوچەکە کیمیایانەی کەلەنێوان ساڵانی (١٩٢٥-١٩٤٦)بەکارهێنراون دواتر بەچەشنێک شێواوە کەئیتر.بوار بۆ بەکارهێنانی نەماوە وەک چەکێکی کیمیایی.

## چەمکی پاشماوەی چەکی کیمیایی

چەمکی پاشماوەی چەکی کیمیایی، مەبەست لێی ئەوچەکە کیمیایانەیە بەهەمو چەکە کیمیایە کۆنانەوە، کە وڵاتان لەدوای (١کانونی ١٩٢٥) لەسەرزەوی وڵاتانی تربەجێیان هێشتوە، بەبێ ئەوەی وڵاتانی خاوەن زەوی ڕەزامەند بوبن لەبارەیەوە.

## دەستەواژەی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیایی

١)مەبەست لێی هەموکەرەستەیەکە یاخود گەنجینەیەکە، کەئەم کەرەستانەی تیادابێت دروست کرابێت، یان بەکارهاتبێت لە(١کانونی ١٩٤٦)، وەک بەشێک لەقۆناغی بەرهەم هێنانی مەوادی کیمیایی.
٢)هەڵگرتن یان پێچانەوەی چەکی کیمیایی، لەنێو گەنجینەی تایبەت، یان دانانی چەکی کیمیایی لەشێوەی بۆمب کەبەشێکە لەکەرەستە لۆجیستیە کانی شەڕ بەهەموو جۆرەکانی تریشەوە.

## جۆرەکانی چەکی کیمیایی و تایبەتمەندی و نیشانەکانی هەرجۆرێکیان:

لە ماوەی سەدەی بیستەمدا، زیاتر لە ٧٠ جۆر گازی کیمیایی تۆمار کرا، لەشێوەو دۆخی شل و گازو ڕەق دایە، لەوانە هەندێکیان کوشندە نین و هەندێکیان کوشندەن، ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دیارترین گازە کوشندەکان دەکەین:

**یەکەم. گازی ئەعصاب – دەمار Nerve agent:** جۆرێکە لەجۆرەکانی گازی کیمیایی و لەبەناوبانگترینی چەکە کیمیاییەکانە، شێوازی کار کردنی لە سەر مرۆڤی بەرکەوتو بەهۆی لەکار خستنی ئاماژە دەماریەکانەوە یە لە کۆئەندامی دەمارەوە بۆ هەموو لەش، ئەم گازە بەئاسانی بڵاودەبێتەوە، زۆر ژەهراوین، کاریگەریان خێرایە چ لەڕێی پێسەتەوە، یان لە ڕێی هەناسەوە، چەکی کیمیای ئەعصاب- دەمار بۆ یەکەمجار لەئەڵمانیا بەرهەم هات. لەنیشانەکانی ئەم گازە دەبێتە هۆی ئارەق کردنەوەو ڕژانی میز و لیک لەهەناسەداندا و کاریگەری بۆ سەر ئاوەزی مرۆڤ.

**دوەم. گازی سیانید:** سیانید لەڕێگەی پێست، لیکەکان، دەزگای پاشەڕۆ، دەزگای هەناسەدانەوە دەچێتە ناو جەستەوە. ئەم گاز زۆر بەشێوەیەکی خێرا پەردەی جەستە ئەبڕێت و دەبێتە هۆی وەستاندنی هەناسەی خانەکان، چونکە بەشێوەیەکی پێویست ئۆکسجین دەگاتە خانەکان، بەڵام سەرف نابێت لەجۆرە کوشندەکەیدا مرۆڤ ناتوانێت بەرگە بگرێت پاش یەک خولەک بێهۆش ئەبێت و دواتر گیان لەدەست دەدات. لەدیارترین نیشانەکانی ئەم جۆرە گازە بریتییە لە هەناسەدانی توند، گەشکە و پەرکەم، بورانەوە، بێهێزیی و سەرئێشەو دڵەراوکێ و ئاوسانی پێست و سوتانەوە، کەمبونەوەی ئاستی بینین گوێ کزی. زۆر بونی لیک و بێهۆشی و خوێن بەربون وەستانی کتوپڕی دڵ، تائاستی مردن.

**سێهەم. خەردەل – موستارد:** ئەم گازە یەکێکە لە گازە ترسناکەکان، کاردەکاتە سەر پێست و سوتاندنی و پەڵە پەڵە بون وەژمارەی ئەم گازە (٢-٦٠-٥٠٥). ئەم گازە لەلایەن زانای ئەڵمانی (جیر هارد) ساڵی ١٩٣٦ دۆزرایەوە. گازی خەردەل مادەیەکی سووتێنەرو بڵقێنەری بەهێزە. ئەتوانێ لە ماوەی چەند رۆژێکی کەمدا ببێتە هۆی سووتانەوەی پێست و بلۆق کردن و زیانبەخشین بە کۆئەندامی هەناسە. هاوکات دەبێتە هۆی سوتانەوەی چاوو پەنمانی پێڵوو پرتەپرتی چاو. ئەگەر گازی خەردەل هەلبمژرێت، ئەبێتە هۆی کۆکەو سوتانەوە و هەوکردنی سییەکان و نەخۆشی درێژخایەنی سنگ و رەنگە سەرەنجام ببێتە هۆی مردن.

کاریگەری کتوپڕی گازو شلەی خەردەل پاش چەند سەعاتێک سەرهەڵدەدات لەوانەش هەستکردن بەبێهێزی و رشانەوە، هێلنجدان، سوتانەوە و ئاوکردنی چاو. کاریگەریی درێژخایەنیشی بریتیە لە سەرهەڵدانی شێرپەنجە، تا هەوکردن و توشبون بەنەخۆشیە درێژخایەنەکانی سی و تا ئاستی مردن و گیانلەدەستدان. (ئەلەند ئەکرەم، گازی خەردەل)

ئەم گازە دەبێتە هۆی شێرپەنجەی خانەکانی لەش و دو جۆری هەیە: خەردەلی گۆگرد و خەردەلی نایترۆجین. بەگشتی ئەم گازە دەبێتە هۆی خنکانی مرۆڤ، لەڕێگەی پێستەوە هەڵدەمژرێت و دەبێتە هۆی سوتانی پێست وەکار دەکاتە سەر چاوەکانی مرۆڤ و ئاستی بینین کەمدەکاتەوە. خەردەل بێرەنگ و بێ بۆنە بەڵام کە لەگەڵ مادەی تر تێکەڵ دەکرێ رەنگی قاوەیی و بۆنی سیر وەردەگرێ.

**چوارەم. تابوون:** یەکێکە لە گازە خنکێنەرەکان، ئەم گازە لە هەمو ڕێگاکانی لەشەوە هەڵدەمژرێرت و کاردەکاتە سەر دەمار، زۆر جار لەماوەی (١-١٠) خولەکدا مرۆڤ دەکوژێت. لەگەڵ هەڵمژینی هەناسە تەنگ دەکات. ترسناکی ئەم گازە لەوەدایە گازی سیانیدی هایدرۆجینی خنکێنەر دروست دەکات، ئەم گازە لەبنەرەتدا شلەیەکی بێرەنگە. بەرهەمە پیشەسازییەکە رەنگی قاوەییە و بۆنی بادامی تاڵ بیردەهێنێتەوە. بەپێی ئاستەکانی بەرکەوتنی نیشانەکانی دەگۆرێن بەڵام لەئاستی توندی بەرکەوتنیدا نیشانەکانی بریتین لەپیسایی و میز بەخۆداکردن، سەرهەڵدانی خێرای نیشانەکان کەف کردن و لیک ڕشتنێکی ئیگجار زۆر، لەرزینی ماسولکە، جوڵەی پێویستی ماسولکە، شەلین و گەشکە، وەستانی هەناسە، لەخۆچون، بورانەوە و مردن. (ئەلەند ئەکرەم، گازی تابوون)

ئەم گازە. کاریگەری توندییشی لەسەرچاوی بەرکەوتوەکە هەیە و بەتایبەت لەسەر ئەندازەی بیلبیلەی چاوی تائاستی بچوکبونەوەی، هاوکات کاریگەری بۆ سەر ئاوەزی مرۆڤەکەش دروست دەکات و دوچاری تێک چونی عەقڵی و لەبیرچونەوەی دەکات.

**پێنجەم. سارین (زارین):** گازێکی زۆر ترسناکە، کاریگەری بەجێ دەهێڵێت لەسەر دەمار، ئەم گازە بۆ یەکەمجار لە مانگی (١٠ و ١١/ ١٩٣٨ ) لە ئەڵمانیا و لە کارگەی ( I.G.Farben) بەرهەم هات وشەی سارین پێکهاتوە لە یەکەم پیتی چوار زانای ئەڵمانی کە ئەم گازەیان دۆزیوەتەوەو دروستیانکردوە. ئەم گازە مامەڵە لەگەڵ کردن لەگەڵیشیدا زۆر مەترسیدارە. چونکە دەبێتە هۆی داخورانی کەلوپەلی بەکارهاتو.

ئەم گازە بەرکەوتو توشی شەلەلی دەماخ دەکات، لەماوەی یەک خولەکدا دەبێتە هۆی مردن بەرکەوتو، جگە لەکارکردن بۆ سەر ئاوەزی مرۆڤ، هاوکات توشی سوتاندن و لەناو بردنی خانەکانی پێستیشی دەکات.
**شەشەم. زومان:** ئەمیش گازێکی ترسناکە، دەبێتە هۆی تێکدانی دەمارەکان و کاریگەری لە سەر هۆشی مرۆڤ (ئەعصاب) دروست دەکات. ئەم گازە لەلایەن (ریتشارد کونی) ساڵی ١٩٤٢ دۆزرایەوە.

**حەوتەم. ڤی ئێکس Vx:** ئەم گازە لەبنەرەتدا شلەیەکی بێرەنگە. بۆنی نییە و شێوەی لە رۆنی ئۆتۆمبێل دەچێ. بەشێوەی شلە و هەڵم هەیە. ئەم گازە لە هەمو رێگاکانی لەشەوە هەڵدەمژرێت.
ئەم گازە پاش ١٥ خولەک لە هەڵمژینی، مرۆڤەکە دوچاری مردن دەکاتەوە، لەدیارترین نیشانەکانیشی ئاوکردنی لوت، توند بونی سینگ و هەناسە، ئازاری چاو، تاری بینین و بچوکبونەوەی بیلبیلە هەناسەسواری و کۆکە، ئارەقەکردنی زۆر، هێڵنج و رشانەوەو سکچون، پێچ. لەرزینی ماسولکە گەورەکان، سەرئێشە، سەرلێشێوان، گێژیی. خۆرانەگرتن، کەف کردن و لیک رشتنێکی ئێگجار زۆر، لەرزینی ماسولکە، جوڵەی بێویستی ماسولکە، شەلین و گەشکە، وەستانی هەناسە. لەخۆچون، بورانەوە و مردن.

**هەشتەم. فۆس جین :** ئەو گازەش یەکێکە لەو گازە ترسناکانەی کە کار لەسەر سیەکان و بۆری کانی هەناسەدان ئەکات و دەبێتە هۆی لەکارخستن و لەناوبردنیان. ئەم گازەش دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ. ئەم گازە چەند جۆرێکی هەیە لەوانە (فۆس جین CG، دوانە فوس جین DP، سیانە فوس جین TPکلۆرۆپیکرین، PS کلۆر). ئەم گازانە سەر جەمیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتوە کانەوە قەدەغە کراون.

## گرنگترین ڕوداوەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەمێژودا

بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگەکاندا پێشینەیەکی مێژویی و دێرینی هەیە، مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زاین. ئەم چەکانە لەجەنگەکانی هیندی کۆندا بەکارهاتون،، جۆرە هەڵمێکیان یان دوکەڵێکیان بەکار هێناوە بۆتەهۆی (خاوبونەوەگێژی و باوێشکدان و خەواڵویی)، لە جەنگی نێوان ساسانیەکانو ئەسپارتەکانی یۆنان لە ساڵی ٤٢٣ پێش زاینی ئەسپارتەکان دژی ساسانیەکان بەکاریان هێنا، ئەویش بەسوتاندنی خەڵوزو کبریتو قیر، کە دوکەڵێکی خنکێنەری دروست دەکرد.
مەغۆل و تاتارەکان سالی ١٧٤٣ مشکی تۆپیوی بە تاعونیان بەکار دەهێنا بۆ داگیر کردنی ئەوشارانەی کە گەمارۆیان ئەدا، مشکەکانیان دەخستە ناو شووراکان تاکو ئەوانەی لەوێن بترسێن و و رەیان نەمێنی بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعونەوە، هەرچەند ئەمە چەکی بایۆلۆجیە، لە کۆتایی سەدەی پانزدەهەمدا ئیسپانیا و ئینگلیز لەکاتی داگیرکردنی ئەمریکادا بۆ تێکشکاندنی دانیشتوانی هیندە سوورەکان وخەلات و دیاری پیسکراو بە ڤایرۆسی ئاوڵە دەنارد بۆ هیندە سورەکان تاکو ئەو نەخۆشیە لەناویاندا بڵاوبێتەوە. (د.ناجح گولپی، چەکی کیمیایی)

لەسەدەی هەژدەهەمدا ڕوسەکان لاشەی مردوی مرۆڤەکان بەهۆی تاعونەوە دەخستە ناو شوورای شارەکان لە ئاسیای ناوەڕاست تا خەڵکی زیاتر بکوژێتو دواتر ناچار بە تەسلیم بونیان بکات.
ناپلیۆن لە زۆربەی شەڕەکانیدا ئاژەڵی مردارۆ بوی لە نەخۆشی تاعون و ئەنسراکس (سپڵە قەویلە Anthrax) دەخستە ناو سەرچاوەکانی ئاو تاکو پیس بین و خەڵک نەخۆش بخات.
بەدرێژایی سەدەکانی مێژوو چەکی کیمیایی بەکار هاتووە، بەتایبەت و زۆرترینی لە سەدەی بیستەمداو لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بوە، لایەنەکانی بەشداری شەر لەوانە (روسیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، ئەمریکا) چەکی کیمیایان دژ بە یەکتر بەکار هێناوە، ژمارەی قوربانیان گەیشتە ملیۆنێک و هەشت سەد هەزار کەس،ئەوچەکانەش بریتیبون لە (کلۆرین و فۆسجین و خەردەل)، لەکاتێکدا ژمارەی کوژراوانی جەنگی جیهانی یەکەم گەیشتە نزیک بیست ملیۆن مرۆڤ. (د.ناجح گوڵپی، چەکی کیمیایی)
ئەڵمانیا بەیەکەم وڵات دائەنرێ لەجیهاندا کە چەکی کیمیایی بەرهەم هێناو بەکاریشی هێنا. لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا کە بەجەنگی کیمیایی ناسێنراوە بۆ یەکەم جار چەکی کیمیایی جۆری گازی کلۆر لەڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٢ دا لەلایەن ئەڵمانیاوە دژ بە سەربازانی فەرنسا و جەزائیرو کەنەدا بەکار هات لە شاری (ئیبرس)ی بەلجیکا کەدەکەوێتە سەر سنوری فەرەنسا، لەڕێگای فڕۆکەوە دەیان تەن لە کلۆری شلیان بەردایەوە بەسەر سەربازەکاندا بەو هۆیەوە زیاتر لە پێنج هەزار سەرباز گیانیان لەدەستداو زیاتر لە پانزە هەزاریش بریندار بون. بەم هۆیەوە ڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٩ دانراوە بە ڕۆژی قوربانیانی چەکی کیمیایی. دواتر لە ١٩١٥/١٢/١٩ ئەڵمانیا ٨٨ تەن فۆسجینی دژ بە سەربازانی بەریتانیا بەکار هێنا، داوتریش لەساڵی ١٩١٧دا گازی خەردەلی بەکار هێنا هەر لەنزیک شارۆچکەی ئیبرس.
لەسەرو بەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیا بەکتریای کۆلیرای دەکردە ناو ئاوی ئیتاڵیەکانەوە بە هۆکاری ئەوەی ئیتاڵیا هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو، هەروەها ئەڵمانیا بە فرۆکە بۆمبی میکرۆبی تاعونی دەدا لە لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرا.
وڵاتی یابان لە جەنگی دا دژ بە چین و مەنشوریا ساڵی ١٩٣١، لەئاسمانەوە کێچی هەڵگری نەخۆشی تاعون و کۆلیرای هەڵدایە خوارەوە، هاوکات گەنمیشی لەئاسمانەوە ڕۆ دەکرد تاکو مشک گەنمەکە بخوات و لەورێگەوە نەخۆشیەکە بڵاو بێتەوە، بەهەزارن کەس بونە قوربانی ئەم چەکە بایۆلۆجیە، تۆمارەکانی جەنگی ژاپۆن و چین باس لە کوشتنی ٤٠٠ کەس لە ئەسلی ٦٠٠ کەسی گوندێک بە چەکی بایۆلۆجی لەسالی ١٩٤٢ دا. (د.ناجح گوڵپی، چەکی کیمیایی)
هەروەها وڵاتی چین، ژاپۆنی بە بەکار هێنانی چەکی کیمیایی تۆمەت بار دەکرد لە جەنگی دوەمی جیهانیدا و بلاوی کردەوە کە زیاترلە ٢٩٠٠ جار چەکی کیمیایی دژی چین بەکار هێناوە.
لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکاش چەند جارێک چەکی ناوەکی و کیمیایی بەکارهێناوە، وەک نمونەی بۆمبارانی هێرۆشیماو ناکازاکی لە ٦-٨/ ١٩٤٥ و ٨/٩ /١٩٤٥. لە جەنگی ڤێتنامدا جۆرە چەکێکی کیمیایی بەکارهێنا بۆ لەناو بردنی (بەروبومی کشتوکاڵ و دارستانەکان) واتە گیا بڕ (herbicide) کە پێ دەوترا(agent orange) ، ئەویش بۆ برسی کردنی خەڵک لەڕێگای لەناو بردنی بەروبومی کشتوکاڵەوە، هەروەها دارستانەکانیشی لەناو دەبرد تاکو شۆڕشگێڕەکان شووێنی خۆشاردنەوەیان نەمینێ.

ساڵی ١٩٤٦ باندێکی ئیسرائیلی ئاوی نیلی بە میکرۆبی کۆلیرا پیس کردو پەتای کۆلیرا لە میسر بڵاوبویەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٦٧ دا مۆسادی ئیسرائیل هەمان کردوەی دوبارە کردوە.
لەجەنگی عێراق و ئێراندا لەساڵی (١٩٨١-١٩٨٨) چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی عێراق ەوە دژ بە ئێران لەبەرەکانی جەنگدا بەکارهێندرا. دواتریش دژ بەگەلی کورد لەچەن شوێنێکی کوردستاندا بەکارهێندرا، دیارترینیان روداوی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بو لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨دا.
ئەم چەکە لەماوەی ساڵانی رابردوشدا بەکارهێندرا، کاتێک ڕژێمی بەشار ئەسەد، لە ٢٠١٣/٨/٢١ شارۆچکەی غۆتەی سوریای بەچەکی کیمیایی بۆردومان کرد. بەوهۆیەشەوە بە (١٤٢٩) کەس کوژران، (٤٢٦) کەسیان منداڵ بون. (د.ناجح گوڵپی، چەکی کیمیایی)

## بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان

لەجیهاندا بەرواری (٢٢)ی ئاپریل ساڵی (١٩١٥) بەرۆژی لەدایک بونی جەنگی کیمیای مۆدرێن ناسراوە. لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم، گەورەترین فراوانترین هێرشی کیمیایی بەدرێژای مێژوو لەماوەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران، دژ بەشاری هەڵبجەو هاولاتیانی سڤیلی ئەو شارە بەکارهات.
دیارترین ئەوگازانەش لەروداوی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بەکارهێندرا لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بریتی بونلەگازەکانی (خەردەل، ئەعساب). ئەو چەکەش کاریگەری زۆری بەجێ هێشت، لەسەر شاری هەڵبەجە. چ لەروی سروشتیەوە کاری کردە سەر (ژینگەو کەش و هەوای ناوچەکە)، لەروی مرۆیشەوە گازی خەردەل و ئەعساب کاریگەریان لەسەر ژیان و داهاتوی هاولاتیانی ئەو شارە بەجێهێشت. لەروی تەندروستیشەوە کاریگەری بۆسەر نەوەکانی ئەوکات و ئێستای ئەو شارە دروستکرد، هەر لە ئاساستی بینین وبیستن و بۆن کردن وتام کردن،، تا بەجێهێشتنی ئاسەواری دورمەوداو سەدان نەخۆشی درێژخایەن.
لەماوەی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا جگە لەشاری هەڵبجە، لەچەند ناوچەیەکی دیکەی باشوری کوردستان چەکی کیمییای دژی پێشمەرگەو هاولاتیان، بەکارهێندرا، ئەوەش بەمەبەستی:
١) لێدان لەبنکەو بارەگا سەرەکیەکانی هێزی پێشمەرگە لەساڵانی هەشتاکاندا، وەک لەناوچەکانی (قەرەداغ، دۆڵی بالیسان سماقوڵی، زێوەشکان).
٢)هەراسان کردن و کوشتنی ئەو پێشمەرگانەی لەحاڵەتی پاشەکشەدابون، وەک هێرشەکانی سەر گوندی شاناخسێ، کەژی زەردە، تازەشار، ناوچەکانی شەقلاوەو ڕەواندوز.
٣) بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی سەرجەم هاونیشتمانیان دەرپەڕاندن و ڕەوپێکردنی گوند نشینان ئاسان کردنی گرتن ڕاونان و کوشتنیان.
٤) سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی لەسەر پشتگیری کردنیان بۆ پێشمەرگە، کارەساتبارترین روداوەکانیش کەلەدوا ساڵەکانی هەشتاکاندا رویاندا، بریتی بون لەهێرشەکانی ساڵی ١٩٨٧ی شێخ

وەسانان و بالیسان و سێوسێنان و گۆپ تەپە. دواجار بۆمباران و کیمابارانی شاری هەڵەبجە لەساڵی ١٩٨٨.

## دووەم: هەڵەبجە

شاری هەڵەبجە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستان. شارێکی هەرێمی کوردستانە، هاوسنورە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێراندا. دوایین پارێزگای هەرێمی کوردستانە. لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرا بە پارێزگا.
ڕوبەری ئەم شارە نزیکەی (٣٠٦٠) کیلۆمەتر دوجایە، ناوجەرگەی شاری هەڵەبجەی کۆن و قەزای شارەزور(٣٧٥)کم، پێنجوێن و سەیدسادق دەگرێتەوە. (٣)قەزاو (٦)ناحیەی لەسەربوە. هەڵەبجە کەوتوەتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی (٨٣کم) لەوشارەوە دورەو (١٥٠)میل لەبەغدادی پایتەختی عێراقەوە دورە، (٨٨کم) لەئێرانەوە دورە. هەڵەبجە دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (٤٦)ی پلەی ڕۆژهەڵات و هەر دوو بازنەی پانی (٣٥-٣٦). هەڵەبجە لەباشوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانیەو لە باکوری ڕۆژهەڵات و باشوورەوە، بە چیاکانی هەورامان و شنروێ و باڵامبۆ دەورە دراوە. بەدرێژایی ٧٥ کیلۆمەتر هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا. دەشتی شارەزور کە بە یەکێک لە دەشتە بەپیت و ناودارەکانی جیهان دەناسرێت، بەشێکی گەورە لە ڕووبەری ئەم پارێزگایەی پێکهێناوە.
سەرچاوە مێژووییەکان سەرەتای بونیادی شاری هەڵەبجە دەگێڕنەوە بۆ ساڵانی (١٧٠٠)ی زاینی لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، هەر ئەو سەرچاوانەش عەشیرەتی جاف بە بونیادنەری شاری هەڵەبجە دەزانن. هەندێک لە ڕیشسپی و پیاوە دێرینەکان دەڵێن هەڵەبجە لەلایەن بەگەکانی (شیوە کەڵ)ەوە بونیاد نراوە کە لە دواییدا لەناو هەڵەبجەییەکاندا بە (١٣) ماڵە ناسراون، بە گشتی سەرچاوە مێژوییەکان دەڵێن ساڵی (١٨٨٩) بەفەرمانی دەسەڵاتی تورک، هەڵەبجە کراوە بە شارۆچکە.
هەڵەبجە لەساڵی ١٨٨٩ کراوە بە قەزا، واتە هەڵەبجە دوای (نەجەف) بەدووەم قەزا لەعێراقدا دادەنرێت .
تا ساڵی ١٩٣٠ هەڵەبجە تەنها لە (پێنج سەد) ماڵ تێنەدەپەڕی، ئەو ژمارەیەش کەم بوو بۆ شارێک، لەبەرئەوە تەنها سێ گەڕەکی سەرەکی لەشاردا هەبوون (پاشا) کە ئێستا سەنتەری شارە، پیر محەمەد و کانی عاشقان کە مێژووی دروستبوونی زۆر کۆنە، پاشان هەڵەبجە ئاوەدان بووەو کاروباری تێدەهاتو ئاوو ئاوەڕۆکەی ڕێکخرا، گەڕەکی (سەرا) ش ئاوەدان بووەوە، پاشان گەڕەکی (کانی قوڵکە)، کە ئێستا یەکێکە لە گەڕەکە گەورەکانی شاری هەڵەبجە، لە دوای ساڵەکانی پەنجاوە خواروی (پیر محەمەد) یش دروستکراوە، لەساڵی ١٩٥٧ بە تەواوی ئاوەدان بوەوە، بەڵام گەڕەکی (شێخ سمایل) دوای ساڵی ١٩٦٣ ئاوەدان کرایەوە، لەوبەر (پردی پیرۆزە) تاک تاک نەوڕۆڵیو ئیمامیەکان نیشتەجێ دەبوون، تا لەساڵی ١٩٧٠دا ئەویش بە تەواوی ئاوەدان بوەوە، کە ئەمانەش ئەو گەڕەکانە بوون کە پێش سەردەمی کۆماریی هەبوون هەروەها گەڕەکی جولەکانو مامۆستایان لە گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەن.
دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢٠ هەڵەبجە، وەک قەزایەکی ناودار سنورێکی گەورەی هەبووە، ڕووبەرەکەی ٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، نزیکەی ٣٧٥ دێیهەبووە. ناوچەی دەربەندیخان سەربەناحیەی وارماوە بووە، وارماوەش سەربەقەزای هەڵەبجە بووە، واتە هەڵەبجە لەگەڵ ناحیەی

سەنگاودا هاوسنوور بووە ناحیەی (پێنجوێن) یش سەر بەهەڵەبجە بووە، دوای هاتنی سەردەمی کۆماری ساڵی ١٩٥٩ کرایە قەزاو جیابۆوە. قەزای هەڵەبجە لەرووی ئیدارییەوە لەساڵەکانی ١٩٥٠ بریتی بووە لە ناحیەکانی سیروان و شارەزور و پێنجوێن و خورماڵ و وارماوە. لەساڵی ١٩٧٧ جگە لە مەرکەزی قەزاو ناحیەکان پاش جیاکردنەوەی قەزای دەربەندیخانو پێنجوێن لێی، ژمارەی گوندەکانی سەر بە هەڵەبجە ٢١٦ گوند بووە، بەڵام لەسەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٨٧ لەکۆی ٢١٦ دێ پاش کاولکردنو ڕاگواستنی تەنها ١٨ دێ لەسەرانسەری قەزاکە مایەوە. (دەربارەی هەڵەبجە)

لەئێستادا هەڵەبجەی شەهید پێێک دێت لە(٣٧) گەڕەکو (١٣٢) کۆڵان و ڕوبەرەکەشی بریتیە لە(١٥٩٩)کم چوارگۆشە. چوار ناحیەی هەیەو ٨٣ کەرتی هەیەو ١٢٤ گوندی هەیە.

لە بواری ڕۆشنبیرییەوە، هەڵەبجە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری گەورە بوە و دەیان شاعیر و ڕووناکبیر و هونەرمەند و ڕۆشنبیری تیادا دەرکەوتوە.لە ڕوی شۆڕگێڕی و نیشتمانپەروەرییەوە، هەمیشە مەڵبەندی بە گژداچونەوەی داگیرکەرانی کوردستان بوە و یەکەمین شارە لە کوردستاندا کە خاوەنی سێ کارەساتی گەورەی وەک بۆردومانەکەی ساڵی (١٩٧٤) و جینۆسایدەکەی ساڵی (١٩٨٧) و کیمیبارانەکەی ساڵی (١٩٨٨) بووە.

لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا خەڵکی ئەم ناوچەیە گەلێک جار دوچاری پەلامار و هێرشی دڕندانە و بێ بەزەییانە بونەتەوە و بەسەدان و هەزاران شەهیدو قوربانییان داوە، دیارترینیان ڕەشبگیرییەکەی ساڵی ١٩٧٤ وە ساڵی ١٩٨٧ کە تیایدا بەسەدان کەس زیندەبەچاڵ کراون و سەروەت و ماڵیان بەتاڵان براوە. (کارا کوردستانی، دەربارەی هەڵەبجەی شەهید)

## تایبەتمەندی سروشتی هەڵەبجە

هەڵەبجە ئەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژی ("١ ٤٨ ٤٥° و "٧ ١٢° ٤٦°) ی ڕۆژهەڵات وهێڵی پانی ("٢٠٠١، ٣٥° و"٤٢٦°، ٣٥°)ی باشوری ناوچەی مامناوەندی باکوری گۆی زەوی. کەش و هەواکاردانەوەی هەیە لەسەر سروشتی ناوچەکەو چالاکیەکانی مرۆڤ بەگشتی کشتوکاڵ بەتایبەت تێکرای بەرزی ونزمی زەوی ئەم پارێزگایە لەنێوان (٥٠٠-٢٥٠٠)م لەئاستی دەریاوەیە. (محمد غفور، بەرگی، ٢)

لەبەرئەوە کەشو هەوای فرە جۆرە تێکڕای پاڵە پەستۆ دەگاتە (٣،١٠١١)میلبار تێکرای خێرای با، لەسەرئاستی قەزاکە دەگاتە (٣،٢م/چرکە ) تێکڕای باران بارین لەوێستگەی هەڵەبجە (٦٧٥)ملمە و (٦٩٠)م بەرزە لەئاستی رویی دەریاوە، بەرزی پارێزگای هەڵەبجەبەگشتی لەئاستی روی دەریاوە (٥،٧٢٦)م لەوێستگەی ئەحمەدئاوا، (٦٥٠)مەتر بەرزەباران (٨،٧٤٧)ملم بوە، لەوێستگەی بیارە کە (١١٣٣)مەتربەرزە، باران( ١،٨٤١)ملم بوە، سەرجەم ڕوبەری ئەم ناوچەیە بەناوچەی بارانی مسۆگەرن ناودەبرێت، چونکە تێکرای باران بارینی ساڵانەی قەزاکە لە(٥٠٠)ملم زیاترە ساڵی (٢٠١٨) باران (٦٧٥)ملم بوە، هەروەها زۆربەی وەرزی زستان بەفری لێدەبارێت، تێکڕای بەفربارین لەنێوان ساڵە

کانی(٢٠٠٢-٢٠٠٥) بریتی بوە لە (٣.٢٣)سم، جگە لەباران. (ماوەی چاودێری ئەم دابەش بونە بریتیە لە ٤٠ساڵ) (١٩٤٠-١٩٨٠). (تۆفیق، ٢٠٠٣)

بەپێی تازەترین داتا کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی بومەلەرزەی هەرێم وەرگیراوە، لەساڵی (٢٠١٢-٢٠١٨)ڕێژەی باران بارین لەهەڵەبجە، بەمشێوەیە بوە: بۆ زانیاری دەتوانیت سود لە خشتەی ژمارە(١)وەبگریت

خشتەی ژمارە(١)

| ساڵ | ویستگە: هەڵەبجە | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگ | | | | | | | | | | | | |
| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | کۆی گشتی |
| ٢٠١٣ | ١٥١.٨ | ٥٧ | ١٥.٦ | ٢٥.٦ | ٥٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠.٢ | ١١٣ | ١٣٠.٤ | ٥٥٢.٦ |
| ٢٠١٤ | ٣٨.٨ | ١٣ | ٠.٤ | ١٦ | ١.٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٧٨ | ١٥٢ | ٦٠ | ٣٥٩.٦ |
| ٢٠١٥ | ٧٥.٢ | ٧٣ | ٦٧.٦ | ٩.٢ | ٠ | ٠.٦ | ٠ | ٠ | ٣.٦ | ١٧٠.٨ | ١٣٣.٨ | ٧٨.٢ | ٦١٢ |
| ٢٠١٦ | ١٠٥.٢ | ٦٩.٢ | ١١٧.٢ | ٦٥.٦ | ١٠.٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠.٨ | ١٠.٨ | | ٣٧٩.٢ |
| ٢٠١٧ | ٥٨.٢ | ٩٤.٨ | ١١٠.٨ | ٦٤.٢ | ١٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠.٢ | ٥١.٨ | | ٣٩٨.٤ |
| ٢٠١٨ | ٣٦.٢ | ٩٧ | ٥.٢ | ٥٠ | ٢٢.٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٧.٧ | ١١٢.٨ | ٢٩٢ | ٦٥٣.٣ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەزەزانی هەرێم

ئەم ناوچەیە ژمارەیەک سەرچاوەی ئاوی جۆگەی تیایە وەک (زەڵم، ڕیشێن، دەڵێن، سورێن، خۆرنەوازان، سەرگەت، بیارە، تەوێڵە،، خارگێلان، دەرەشیش). تاڤگەو کانی کارێزو بیری هەیە عەمباری ئاوی ژێر زەوی ئەم ناوچەیە بەگەورەترین عەمبار لەسەرئاستی پارێزگای سلێمانی دادەنرێت. هەروەها ئەم ناوچەیە مافی ئەوەی هەیە لەکاتی پێویستیدا سود لەبەنداوی دەربەنیخان وەربگرێت بۆخواردنەوەو کشتوکاڵ، چونکە بەشێک لەزەوییە کشتوکاڵی ئەم پارێزگایەی داپۆشیوە. کێڵگە کشتوکاڵیەکانی بەدێم وبەراوەوە پێکهاتوە لە(٣٤٢١٠٧ دۆنم ٢٩ ئۆلک وە ٩٦ مەتردوجا)، ڕوبەری چاندراو بەدۆنم ١٤١٩٦٨ وە ڕوبەری شیاو بۆچاندن ١٣١٧٦٨ وەژمارەی جوتیار ٩٩٢٨ وە ژمارەی گوندە کان ١٤٧ گوندە. (بەڕیوبەرایەتی کەش ناسی وبومەلەرزەی هەرێم )

پێکهاتەی زەوییەکەی لەڕوی ماتریاڵ و ڕەگەزەو فرەجۆرە. ئەم فرە جۆریە کەلە پێدەشتە کاندا لەکەستنائی وقاوەی تۆخداخۆی دەنوێنێت، ڕیژەی بۆشی وتۆکمەی لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر جیاوازە، بەواتایەکی تر، لەبارە بۆ هەموئەو ڕوەکانەی کەڕەگوڕیشاڵەکانیان درێژو مامناوەندو کورتن. دیارە هەرگروپێک لەڕوەک پێویستی بەجۆرێک لە پێکهاتەی زەوی هەیە. هەروەها کەستەنائی وسورباوی تۆخ، کەزەوی دۆڵەکانی پێکهێناوە، لەبارەبۆچاندنی دارمێوبەلەوەڕگاودارستانی سروشتی داپۆشراوە، سروشتی خاکەکەی دەشتی شارەزوربەناوچەیەکی بەپیت ناودەبرێت ڕوبەرەکەی نزیکەی(٦٧٥)کیلۆمەتر دوجایە، لەوڕوبەرە ( ٣،٣٣٧) کیلۆمەتردوجای دەکەوێتە چوارچێوەی سنوری ئەم پارێزگایە (٤،٤٢%)ڕوبەری گشتی ئەم ناوچەیەی پێک هێناوە. ڕوبەری گشتی ئەم ناوچەیە (٤،١٩٥٢) کیلۆمەتری دوجایە. (هۆشمەند عەتا محمود، ٢٠٠٦، گۆڤاری هەشتاو هەشت)

ئەو فاکتەرانەی سەرەوە دەیسەلمێنین سروشتی ئەم ناوچەیە لەڕوی بەپیتی وفرەجۆری خاک، (زۆری سەرچاوەی ئاوبەرزی ونزمی رویی زەوی، لەباری پاڵە پەستۆوی با بونی کازمێرەکانی گەرماوسەرمای پێویست بونی کازێرەکانی تیشکی خۆر) ئەوانە هەمو، پێکەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵی نمونەییان دروستکردوە (چاوپێکەوتن: بەرێوبەری کشتو کاڵی هەڵەبجە، ٢٠١٨\١١\١٥).

## سێهەم: تایبەت مەندیە مرۆیە کانی هەڵەبجە

دانیشتوان بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان ئەم پارێزگایە لەڕوی دانیشتوانەوە، لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوەوە تائێستا بەهۆکاری جیاجیا، گۆڕانی گەورە بەسەر دیمۆگرافیاو پێکهاتەی کارگێڕیەکەیدا هاتوە. ئەو گۆڕانکاریانە کاردانەوەی نەرێنی یان لەسەرئابوری دروستکردوە. هەروەک لەخشتەی ژمارە(٢)دا دابەش بونی رێژەی دانیشتوان بەسەر شارو گوندنشین لەنێوان ساڵەکانی(١٩٥٧-٢٠٠٢)دەرخات لەخشتەی ژمارە (٢)دا ژمارەیەک گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی کارگێڕی ودانیشتوان ڕویداوە. لەئاماری ساڵی(١٩٥٧) داکۆی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (٨١٧٤٩) کەس بوە، لەوژمارەیە (٦٧٦٣٥)کەسیان گوندنشین بون کەرێژەی (٨٢.٧%) دانیشتوانیان پێکهێناوە، ژمارەی شارنشین (١٤١١٤)کەس، رێژەی (١٧.٣%) بوە واتە گوندنشین زۆرینەیی دانیشتوانی پێکهێناوە، ئەم ئامارە لەساڵەکانی (١٩٥٧،١٩٦٥،١٩٧٧) گۆڕانیان بەسەردا نەهاتوە، بەڵام لەساڵی (١٩٨٧-٢٠٠٢) گۆڕانی بنەڕەتی ڕویداوە، رێژەی گوندنشین زۆرکەم بوەتەوە.بەپێی تازەترین ئامار ساڵی ( ٢٠١٤ )داژمارەی دانیشتوانی دەگاتە(١٨٦٠٠٠) کەس (شەریف، ٢٠١٠).

خشتەی ژمارە (٢) خشتەی دانیشتوانی هەڵەبجە بەپێی سەر ژمێریەکان

| ژدانیشتوان | ١٩٧٧ | ١٩٧٨٨ | ١٩٩٨ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٤ |
|---|---|---|---|---|---|
| شارنشین | ٢٢٤١١ | ٣٧٠٤٩ | ٤٠١١٢ | ٤٢٩٤٣ | ٤٩٦٤٠ |
| گوند نشین | - | ٣١٠٨ | - | - | - |
| کۆ | ٢٢٤١١ | ٤٠١٢٠ | ٤٠١١٢ | ٤٢٩٤٣ | ٤٩٦٤٠ |

خشتەی ژمارە (٣)

خشتەی قەزای هەڵەبجەی شەهید ساڵەکانی (١٩٧٧-١٩٨٧-٢٠٠٠-٢٠٠٢-٢٠٠٩-٢٠١٠) ژمارەی دانیشتوان و خێزان دەردەخات

| ناوی شوێن | ساڵی ١٩٧٧ | | ساڵی ١٩٨٧ | | ساڵی ٢٠٠٠ | | ساڵی ٢٠٠٢ | | ساڵی ٢٠٠٩ | | ساڵی ٢٠١٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خێزان | ژ.دانیشتوان | ژ.خێزان | ژ.دانیشتوان | ژ.خێزان | ژ.دانیشتوان | ژ.خێزان | ژ.دانیشتوان | ژ.خێزان | ژ.دانیشتوان | ژ.خێزان | ژ.دانیشتوان |
| قەزای هەڵەبجە | ١٢٩٨٤ | ٦٩٢٢٨ | ١٢٥٠٦ | ٦٩٥٧٥ | ١٥٦٩٥ | ٧٧١١٩ | ١٥٧٢٣ | ٧٨٦١٥ | ١٩٢٨٥ | ٨٨٤٣٩ | ٢٠٠٠٧ | ٩١٦١١ |
| مەڵبەندی هەڵەبجە | ٣٥٨٥ | ٢٢٤١١ | ٩٧١٨ | ٥٤٥٦٨ | ٨٩٥٥ | ٤٥٠٦٤ | ٨٤٥٦ | ٤٢٩٤٣ | ١٢٢٧١ | ٥٥٩٦٣ | ١٢٦١٢ | ٥٦٧٠٠ |
| ناحیەی سیروان | ٤٢١١ | ١٩٢٩٠ | ٢٧٨٨ | ١٥٠١١ | ٩٥٥٠ | ١٩٣٧ | ٢٠١٨ | ١٠٠٨٦ | ٢٢٣٣ | ١٠٢١٩ | ٢١٦٦ | ١٠٣٣٤ |
| ناحیەی خورماڵ | ٢٥٢٤ | ١٣١٦٩ | گوێزاونەتەوە بۆ مجمع | | ٣٢٢٢ | ١٧٠٧٢ | ٣٧٤٧ | ١٩٠٠٤ | ٣٣١٨ | ١٦٠٤٠ | ٣٨٠١ | ١٨٠٩٣ |
| ناحیەی بیارە | ٢٧٦٣ | ١٤٣٦٨ | گوێزاونەتەوە بۆ مجمع | | ١٥٨١ | ٥٤٣٣ | ١٢٩٣ | ٦٤٦١ | ١٤٦٣ | ٦٢١٧ | ١٤٢٨ | ٦٤٨٤ |

## لەڕوویی کۆمەڵایەتیەوە

هەڵەبجە بەدرێژای مێژو، روبەروی کاولکاری بوەتەوە، بەنمونە لەساڵی (١٦٩٠) هەڵەبجە ئاوەدان کراوەتەوە، وردە وردە گەشەی کردوە و بوە بەشار. دواجار لەساڵی لە ٢٠١٨دا بوەتە پارێزگا. بەهۆی لەباریئاو هەواو لەباری شوێنەکەیەوە جگە لەخەڵکی خۆی خەڵکی شوێنانی تریش هاتون تیایدانیشتەجێ بون، بۆیە چەندین بنەماڵەی تیابوە کەبەڕەگەز (قەرە داغی، پێنجوێنی، مەریوانی و بانەیی و سلێمانی و سنەیی و جوان ڕۆی و پاوەی و کامیارانی و بەرزنجی) بون.
یەکەمین ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە دوای وێران کردنی لەدەوروبەری ساڵی (١٦٩٠)دا لەلایەن بنەماڵەی حەمە چاوش شیوەکەڵیەوە بوە، کەخۆی وکوڕو کوڕەزاکانی لەناوچەکانی خۆیان، بەجێدەهێڵن و لەهەڵەبجە دەگیرسێنەوەو دواتر ڕەشماڵیان هەڵداوە و خانویان تیادا دروستکردوە. لەئێستادا بەوشوێنە دەگوترێت گەڕەکی پاشادا.
هەڵەبجە لەسەردەمی ژیانی مەلا عەبدوڵای خەرپانیدا گەڕەکی پیرمحمەدیان ئاوەدانکردوەتەوە، کەناوەندەکەی مزگەوتی جامیعەیە. ئیتر وردەوردە.خەڵکی دەوروبەر ڕویی تێدەکەن گەورە دەبێت. (میستەر ڕیچ) لەگەشت نامە کەیدا ساڵی(١٨٢٠)نوسیویەتی وای دیاری ئەکات کەئەودەم هەڵەبجە شاربوە، بەڵام سەیرئەوەیە کەمێژوویەکی ترمان هەیە کەمێژووی کۆچیە دەڵێت ئەودەمە هەڵەبجە دێ بوە. لەسەر نوسراوی (حاشیە السید شریف جرجانی علی کتاب عقول فی البلاغە) سید الرسولی کوڕی سید محمد لەساڵی (١٢٤٠) ئەمەی نوسی لەگوندی هەڵەبجە. بەپێی بۆچونی مێژونوسان بۆچونەکەی ڕیچ راستترە، چونکە ریچ زیاتر گەراوەو زیاتر شارەزای و تایبەتمەندی و جیاوازی نێوان شارو گوندەکان بوە. هەڵەبجە لەساڵی(١٨٨٩) دەبێتە قەزا. لەساڵی (٢٠١٤) دەبێتە پارێزگا.(مەلاصالح،٢٠١١)
لەڕویی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگەی هەڵەبجە لەسەرەتاوە پێکهاتوە لەنیشتەجێ بونی هۆزی جاف وهۆزەکانی تری ناوچەکە وەکوهۆزی (تاوگۆزی، یەزدانبەخشی، شەمێرانی، نەورۆڵی، میراولی، ئیمامی، کۆکۆی، زەردۆی، عەبابەیلیلێی، یاروەیسی، سەیانی، کەڵهوڕی، عەمەڵەی، وەڵەدبەگی، هارونی، شاتری، دەوانی، سازانی، کەماڵەی، شێخ سمایلی، قەویلەی، یۆسۆجانی، گەلاڵی، ئێناخی، بەرازی، دۆم، خەڕات، پەرخی، هۆزی هەسەنی).

## لەڕوی ئابوری و بازرگانیەوە

هەڵەبجە بەهۆی گرنگی شوێنی جوگرافیاکەیەوە، بەدو شێوە کاری بازرگانی تێدا ئەنجامدراوە: (مەلاصالح،٢٠١١)

### ١.بازرگانی ناو خۆی :

لەنێوان ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان و شنروێ و بالانبۆ و گوندەکانی دەوروبەریان هەرێمی دەشتی شارەزور، هەرێمی چیاکان، زیاتر بەبەرهەم هێنانی میوە ناسراون، لەگەڵ هەندێک پیشەسازی سوکی دەستی بەرانبەر بەروبومی دانەوێڵەو مەڕو ماڵات لەهەڵەبجەدا ئاڵوگۆڕئەکرا، ئەم نەریتە وای کرد

هەڵەبجە ببێتە یەکێک لەشارەزور قەرەباڵخەکانی کوردستان، بویە هۆکاری ئەوەی پاڵ بەهەندێک دانیشتوانی ناوچە کانی دەوروبەریەوە بنێت کە کۆچی بۆ بکەن.

**٢.بازرگانی دەرەکی :**

هەڵەبجە بەهۆی شوێنە ستراتیژیەکەیەوە، دەتوانرێت کاڵای بازرگانی عێراق ی و شارەکانی عێراقی پیاداتێپەڕێت بۆ ئێران، ئەم چالاکیە ئابوریە لەسەردەمی سەدەکانی نۆزدەو بیستدا دەرکەوت گەڕیدە رۆژهەڵات ناسەکان هەرزو هەستیان بەگرنگی شوێنی ستراتیژی هەڵەبجە کرد، (میجەرسۆن) کەیەکێکە لەگەڕیدەرۆژهەڵات ناسەکان بۆماوەیەکی زۆرلەماڵی پاشاداماوەتەوە گرنگی ئەم ناوچەیەی بۆئینگلیزەکان رونکردوەتەوە. (هۆشمەند عەتامحمود،٢٠٠٦گۆڤاری هەشتاوهەشت)

## هەڵەبجە لەڕویی ئاینیەوە

هەڵەبجەکۆمەڵگەیەکی فرەئاینەو ئاینیە کاکەی وجو و ئیسلامی تیادا هەبووە:

١) کاکەییەکان ئەهلی حەقیشیان پێدەگوترێت لەهەندێ سەرچاوەشدا بەعەلی ئلاهی ناوییان دێت کاکەییەکان سەربەتیرەی گۆرانن، شوێنکەوتوانی دینێکی کۆنی کوردن لەسێ گوندی نزیک هەڵەبجە ئەژین وەکو گوندی (دەرەتوێ، هاوارەکۆن، گوندی هاوار). سەرەرای هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، بەڵام ئەمان هەرلەسەرئاینی خۆیان ماونەتەوە.

٢)جوو: جوەکان دوەمین بنەماڵە بون کە لە وناوچەکەدا نیشتە جێ بون، جوەکان فێری زمانی کوردی بوبون لەناوخۆیاندا،بەزمانی عیبریش قسەیاندەکرد. هەمو کاسب کاربون لەماڵ و سامان پەیدا کردندا زەحمەت کێش بون یارمەتی هەژارو کەمدەستە کانی خۆیانداوە، نەیان هێشتوە کەسیان موحتاج بێت کڵێسەیان دروستکردوە کاروباری ئاینی خۆیان ئەنجامداوە. خاوەنی (٣)جەژن بون، وەک (کەپرە شینکەو جەژنە چەقالە و جەژنی کفتە)ساڵی (١٩٤٨) بەرەو ئیسرائیل کۆچ ئەکەن بەهۆی ئەوەی رەگەزنامەیان لێدە سەندرێتەوە. لەساڵی ٢٠١٨دا کەسێکی جولەکە بەناوی (شاوڵ –ئەلیزا )کە پێش (٦٠)ساڵ دانیشتوی شاری هەڵەبجە بوە، جارێکی دیکە سەردانی هەڵەبجەی کردەوە.

٣) ئاینی ئیسلام: لەهەڵەبجەدا گەلێک مزگەوت شوێنی پیرۆزی ئاینی ئیسلامی تیادا بوە، لەسەرەتای دروست بونیەوە پێکهاتەی ئەوخێڵانەی لەوناوچەیە بون شوێن کەوتوی ئاینی ئیسلام بون،سەربەمەزهەبی شافعی بون، سونی بون، بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی ئەوشارە زۆرینەی پەیرەوی ئاینی ئیسلامیان کردوەو دەکەن. ئێستا لەناو هەڵەبجەدا ئاینی ئیسلام ئاینی زۆرینەیەو زۆرجار گروپە تیرۆریستیەکان ئەم واقعەیان بەبێ ویستی هەڵەبجەیەکان بەکارهێناوە، بۆ زیادکردنی نفوزو لایەنگرو دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەکەدا. ( مەلاصالح، ٢٠١١.)

## پێگەی سیاسی هەڵەبجە

- ساڵی ١٩٢١ لەلایەن هەندێک ڕۆشنبیری شاری هەڵەبجەوە کۆمەڵەیەک پێکهات کاری ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی و پەرەپێدانی یەکڕیزی و بلاوکردنەوەی خوێندەواری بوە لەناو شاری هەڵەبجە .
- ساڵی ١٩٣٣-١٩٣٤ پارتێکی ئیسلامی دامەزرا بەناوی حیزبی ئیسلامی کوردی ئەوپارتە بڵاو کراوەی خۆی هەبوو، هەر کەسێکیش ببوایە بەئەندام دەبو سوێندی بخواردبوایە، دواتر ئەم پارتە لەگەڵ کۆمەڵەی برایەتیدا یەکیان گرتوە
- لە ٢-٥-١٩٤١ لاوانی کوردی بەغداد بەگەرمی پشتگیری ڕاپەڕینی مایسیان کردوەو لەهەڵەبجەوە حەسەن فەهمی جاف، نامەیەکی پشتگیری ئاراستە ڕەشید عالی گەیلانی کردوە پشت گیری خۆیو خەڵکی هەڵەبجەی بۆناردوە.
- بەپێی قسەی د.عزدین مستە فارەسوڵ لەهەڵەبجە سالانی ١٩٤٤ لەدوکانەکەی عەبدولاّی سمایلی سەرتاش کۆدەبونەوە دەمیان لەسیاسەت دەکوتی شوعیەکانیش ماڵی سۆفی مەحمودیان کردبوە پەناگەی خۆیان.
- لەسەردەمی کۆماری مهاباتیشدا لاوان و مامۆستایانی هەڵەبجە بەخۆپیشاندان پشتگیریان بۆ کۆماری مەهابات دەربری.
- لەسەرەتای پەنجاکاندا دو ڕەوتی سیاسی لەناو هەڵەبجەدا لە ململانێدا بون کەپێکهاتبون لە بەرەی پارتی و بەرەی شوعیەکان، هەندێک زانای ئاینی پشت گیری پارتیان دەکرد دژی شوعیەکان

# بەشی دووەم

## یەکەم: شەڕی عێراق و ئێران: کورد لەونێوانەدا

لەدوای هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕژێم (بەعس) ساڵی (١٩٧٩) سیاسەتی (تەرحیل و تەبعیس و تەعریب) هەڕەشەیان لەبونی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکرد لەعێراقدا. ئەم بیرکردنەوەیە لەقوڵای بیروبۆچونی بەعسدا ڕەگی داکوتابو، بۆیە لەدانیشتنی (١٧ ئەیلول)ی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا، (سەدام حسێن) مەسەلەی کوردی کردە بیانو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی جەزائیر لەگەڵ ئێران، گوایا کۆماری ئیسلامی ئێران یارمەتی کوردەکان دەدات. ناکۆکی نێوان عێراق و ئێران ریشەیەکی مێژویەکی دورو درێژی هەیە، بەتایبەتی لەسەر دیاریکردنی سنور، ئەم ناکۆکیەی نێوانیان گەلێک هۆکاری هەیە، هۆکاری ئایدۆلۆجی، مێژوی، جوگرافی، ژیاری، نەتەوەیی، دینی وەمانەوەی دۆزی کورد بەچارەسەر نەکراوی. هۆکارێکی تر بریتی بو لەترسی عێراق لەئەنجامە ناڕاستەوخۆکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆسەر هاوڵاتیانی شیعە مەزهەب لەعێراقدا، بەتایبەت کاتێک ئێران بریاری پرۆسەی هەناردەکردنی شۆرشی بۆ دەرەوەی سنورەکانی ئێران و وڵاتانی رۆژهەڵات ڕاگەیاند، لەم نێوانەدا عێراق یەکەم دەوڵەتی دراوسێی ئێران بو، کەترسی لەم سیاسەتەی ئێران هەبو، لای خۆیەوە، خومەینی بانگەوازی بۆشیعەکانی عێراق کرد کەدژی ڕژێمی بەعس ڕاپەرن و بڕوخێنن، لەکاردانەوەی ئەم سیاسەتانەی ئێراندا، ئەوەبو حکومەتی عێراق لەبەرە بەیانی ٢٢-٩-١٩٨٠ لەرێگەی ئاسمانیەوە هێرشی بۆسەر کۆماری ئیسلامی دەست پێکرد، ئەمەش دەستپێکی جەنگی عێراق و ئێران بو، جەنگەکە بەردەوامی هەبو، ئەوەبو لەنۆڤەمبەری هەمان ساڵدا سوپای عێراق، توانی بەندەری خورەم شاری بگرێت و گەمارۆی کێڵگە نەوتییەکانی (عەبادانی)دا. کۆماری ئیسلامی بەدو مانگ پێش ئەوە ئاگاداری هێرشی عێراق بون، وردەکاری پلانەکەیان لەلای سۆڤیەتەوە پێدرابو، هەرلەو کاتەدا لەپاریس کۆبونەوەیەک سازدرا، لەوکۆبونەوەیەدا بێجگە لەئەمەریکاو ئیسرائیل، نوێنەری پادشایەتی ئێرانیش تیایدا بەشدار بون.

دەربارەی رۆڵی هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستان لەو نێوانەدا. بەوپێیەی هێزە کوردییەکان لەوکاتەدا لەجەنگدابون لەگەڵ رژێمی عێراق، دوای دروستبونی جەنگەکە، زیاتر لەئێرانەوە نزیک بون، بەتایبەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەسەرەتاوە تاکۆتای شەڕ پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی بون. بەڵام (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لەسەرەتای جەنگەکەدا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئێران باش نەبو، چونکە لەوکاتەدا پێشمەرگەکانیان شان بەشانی پێشمەرگەکانی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-حدکا) لەساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٢) شەڕیان دەکرد بەڵام لەنیوەی دوەمی هەشتاکاندا هەڵویستی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) گۆڕانی بەسەرداهات. ئەوەبو لەچالاکیەکی هاوبەشی سەربازیدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، پێکەوە هێرشیان کردە سەر بیرەنەوتەکانی کەرکوک. لەوکاتەدا (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، عێراقی بەهەڵگیرسێنەری جەنگەکە دادەنا، لەلایەکی دیکەوە (حزبی شیوعی عێراقی) بێلایەنی خۆی بەرانبەر بەو دولایەنەو جەنگەکە ڕاگەیاند.

## دوەم. ڕۆڵی پێشمەرگە لە کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران

هەڵگیرسانی جەنگی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران، دەرفەتێک بو تاوەکو سوپای عێراق چیتر نەتوانن بەچڕوپڕی وەک جاران هێرش بکەنە سەر هێزی (پێشمەرگەی کوردستان). ئەوەبو لەگەڵ توندبونەوەی شەڕ، عێراق بەناچاری هەندێک لە هێزەکانی کشاندەوە، بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی سوپای کۆماری ئیسلامی ببنەوە لە باشور، ئەمەش دەرفەتێکی زێڕین بو بۆ هێزەکانی (پێشمەرگەی کوردستان)، تاوەکو لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە خۆیان ڕێک بخەنەوە و پەرەبە چالاکیەکانیان بدەن دژ بەرژێمی بەعس.

لەگەڵ گرژبونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران، هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق هەوڵیاندا بەرەیەکی یەکگرتو دروست بکەن بۆئەو مەبەستە لە(١٢-١١-١٩٨٠) بەرەی (جوقد) دامەزرا، کەلە هەشت پارتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی پێکهاتبو. دواتر لەبەرواری (٢٨-١١-١٩٨٠)بەرەی (جود)یش پێکهات.

لەپاش هەڵگیرسانی جەنگی نێوانیان، گرنگیدان بەپرسی کورد لەلای هەردو وڵات زیاتر گرنگی پێدرا. هەر لایەک هەوڵی دەدا بەرەی کوردی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. هەردولاش سودیان بینی لەتوانا مرۆییەکانی ئەو کوردانەی کە بوبونە ئۆپۆزسیۆن. چونکە هەریەکە لەعێراق و ئێران، بەشێک لەخاکی کوردستانیان لەژێردەستدابو. هەردولاش بەهەمو هێزیانەوە کەوتبونە سەرکوتکردنی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد.

هەر لەو کاتەدا بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی لەناوخۆشدا، توشی شەڕێکی ناوخۆی بون و خوێنێکی زۆر لەنێوانیاندا ڕژا، جەنگی نێوان لایەنە کوردیەکان (شەڕی براکوژی) کارئاسانی کرد بۆبەغدا، تاوەکو بەشێک لەلایەنە کوردییەکان لەبەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت، لەسەرەتای جەنگەکەوە پارتە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات و باشور، خۆیان لەناو جەنگێکدا بینیەوە، ئەوەبو زیاتر وەک بریکاری دەوڵەتێکی شەڕکەر دەردەکەوتن. ئەوسەردەمە، دەوڵەتی عێراق، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردی بەگەورەترین هەڕەشە دەزانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەی عەرەب و عێراق، گەلی کوردیش بەچاوی داگیرکەرێکی بێگانە سەیری دەوڵەتی عێراقی دەکرد. بەتێپەڕبونی کات و گەرمبونی جەنگی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم دو بۆچونە لەبەرانبەر یەکتریدا تادەهات قوڵتر دەبونەوە، ڕەفتاری حکومەتی بەعس هەستی ڕق و تۆڵەی لەناو ناخی تاکی کوردیدا جۆش دەدا، ئەمەش ئاستی خەباتی چەکداری کوردی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بەعس بەرفراوانترکرد.

## سێهەم. سیاسەتی بەعس دژ بەکورد لەکاتی جەنگەکەدا

ڕژێمی بەعس، لەسەرەتای جەنگەکدا، لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات بەچەند هەنگاوێک هەستا، بەنمونە خوێنکاران و مامۆستایانی ئاگادارکردەوە کەپەیوەندی بەڕێخراوە بەعسیەکانەوە بکەن، ئەگەر نەیکەن ئەوا بێبەش دەبن لەهەمو هەلێکی خوێندن. ڕژێم بەم هەنگاوە دەیویست توێژی خوێندکاران دەستە مۆبکات، بۆئەم مەبەستەش ڕێخراوێکی خوێندکاری دروست کردبوو، لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٢.


رژێم بە پێی پلانێکی چڕو پڕدەستی دایە دروستکردنی فەوجی جاشە بەکرێ گیراوەکان. بۆئەم مەبەستەش پەنای بردەبەر هەندێک کوێخاو بەگ و کەسی خانەدان بۆبەگژاچونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کۆنترۆڵکردنی گوندەکان و پارێزگاری لەمۆڵگە سەربازییەکانی لەناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا. هاوکات بەشێک لەهەڵمەتەکانی ناوشارەکانی بەم جاشە بەکرێگیراوانە سپارد. لەبەرامبەردا پارەو ئیمتیازی حیزبی پێدەدان. یەکێکی دیکە لەسیاسەتەکانی ئەوکاتەی رژێم، دروستکردنی دوبەرەکی بو لەنێوان خێڵ و عەشیرەتەکاندا، چونکە ئەوکات کۆمەڵگەی کوردی، زیاتر گیرۆدەی سنوری خێڵایەتی بو. بۆئەم مەبەستەو تۆخکردنەوەی دیاردەی خێڵایەتی، ڕژێم پەنای بردە دروستکردنی ململانێی خوێناوی لەناو خێڵەکاندا، لەنمونەی پێکهەڵپژان و دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان عەشیرەتی شەمێرانی و نەورۆڵی، هارونی و نەمەڵەی...هتد لەنێو سنوری هەڵەبجەدا.
لەلایەکی دیکەوە، دەزگا حیزبیەکانی ڕژێم زۆریان بۆخەڵکی سڤیل هێنابو لە شارەکاندا دەبێت هەمو کەس لەدەوری ڕێخراوە حیزبیەکانی ڕژێم کۆببنەوە. هەرکەس سەرپێچی ئەو فەرمانەی بکردبایە دەزگا حزبیەکان و ڕژێم، کێشەو تۆمەتیان بۆدروست دەکرد. بەو هۆیەشەوە ڕۆژانە چەندین خێزان ڕاپێچی ناودەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات دەکران. هاوکات بەعس بۆ لەناوبردن و لاوازکردنی بزافی ڕزگاری خوازی کورد لەناوخۆدا، پەنای بردە بەر ڕاگواستن و روخاندنی گوندەکان. لەوسالانەدا، بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی ١٣٠ گوند خاپورکران، لەوڕێژەیە ژمارەیەکیان سەر بەقەزای هەڵەبجە بون. بەمەبەستی بەرچاوڕونی پارێزگاری سلێمانی بەرواری(١٣ی-٤ی١٩٨٦) بەفەرمانی ٣٨٢ داوای لە قایمقامی هەڵەبجە کردوە کەئاماری ئەو گوندانەی بۆبنێرن و ناو شوێنی نیشتە جێ بونیان. لەوە بەدوا شالاوی ڕاگواستن گوندەکانی شارەزورو ئەو گوندانەی نزیک ڕێگەی هەڵەبجەی گرتەوە. ساڵی ١٩٧٨ ڕاگواستنی گوندەکان کەوتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، ژمارەیەک گوندی تریان ڕاگواست و دانیشتوانیشیان بەسەر شارو شارۆچکە کانی تردا ئاوارە بون و بەتەواوی ڕەوشی گوندنشینانی باشوری کوردستان خراپ بو. بەشێوەیەک هەمو ئەو گوندانەی مابون دەستی وێرانکردنیان پێگەیشت بۆئەم مەبەستەش هەردو سەرکردایەتی فیرقەی هەڵەبجەو شوعبەی دەربەندیخان، لەزۆر بابەتدا پرس و ڕاوێژیان بەیەکتری دەکرد نمونەش ڕاگواستنی گوندەکانی تەوێڵەو بیارە بو، بۆناوچەکانی زەڕایەن و ئۆردوگاکانی نەسرو باریکە، ئەمەش یەکێکی تر بو لەو ڕێگایانەی بەعس بۆ شکست پێهێنانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد پەنای بۆ برد

## چوارەم: روداوی کیمیابارانی هەڵەبجە ١٦ی ٣ی ١٩٨٨

بەهاتنی ساڵی (١٩٨٨) ڕێگەی شارەکانی بەرەی باشور بەتەواوی بەستران، بەمەش قۆناغێکی نوێ لەجەنگ لەبەرەی باکورەوە دەستی پێکرد، ئێرانیەکان لەبەرەی باکورەوە پەرەیان بەچالاکیە نارێخراوە کانیاندا، بەگوێرەی یەکێک لەسەرچاوە ئێرانیەکان پێویستی بەردەوامبونی جەنگ پاراستنی داهێنانکاری لەشەڕدا کرینەوەی بەرەیەکی نوێی شەڕ بو، ئەوەش بۆپەرتکردنی هێزەکانی عێراق وقۆستنەوەی کات. لەگرنگترین ئەوهۆکارانەبون کەپاڵی بەئێرانەوە نا بۆگ ۆرینی ئاراستەی جەنگەکەیان، لەباشورەوە بۆ باکوری عێراق. لەوەبەدوا ئێران ستراتیژی شەڕی باکوری لەباشور لەلاگرنگ تربو. چیاکانی کوردستان، وەک ئاستەنگێکی سروشتی گەورەبون بۆ ئۆپەراسیۆنی جەنگی. بەڵام هەندێک ناوچەی کوردستان بەتەواوی کەوتبونە ئێوئاگری شەڕەوە، بەگرتنەبەری ستراتیژی نوێ لەلایەن ئێرانەوە، قەرارگای ڕەمەزان لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان کارەکانی خۆی لەچەند بوارێکدا چڕکردەوە، یەکێک لەو بوارانە ئەنجامدانی چالاکی ڕێخراوی هاوبەش بو، لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژە نوێیەدا، سوپای پاسداران زنجیرەیەک هێرشی سەربازی بەناوەکانی [کەربەلای١٠، فەتحی٥، نصری٤، نصری٧، نصری٨، بیت المقدس٢، بیت المقدس٤، والفجر ١٠] لەناوچەکانی کوردستان ئەنجامدا.
ئێران لەبەرەکانی باشورو ناوەراست دۆخی زۆر خراپ بو، جموجوڵی پێنەدەکرا، هێزەکانیشی شپرزەو لاوازبون و لەزۆر شوێن پاشەکشەیان دەکرد. جگە لەوەی ڕوبەڕوی لەمپەری ناوباڵی توندڕەوی دەوڵەت دەبویەوە لەناوگەلی ئێراندا گرفت وکێشەی قوڵی بۆ دروست دەکردن. لەڕەوشێکی وەهادا، هەردولایەنی شەڕکەر دەیانزانی بەم زوانە شەڕکۆتای پێدێیت، بەشوێن بەدەست هێنانی دەست کەوتی زیاترەوە بون، بۆئەوەی دوای شەڕ، لەسەر مێزی گفتوگۆ وەک کارتی فشار بەکاری بهێنن، هەربۆیە پێویستیان بەسەرکەوتنی خێرا هەبو، هەردولا هەمو ڕێوشوێنێکی سەرکەوتنیان تاقی دەکردەوە، لەهیچ شتێک سڵیان نەدەکردەوە.

ئەوەبو ڕۆژی ١٣ی-٣ی-١٩٨٨ لە پشتەوەی زنجیرە چیای باڵامبۆوە هێرش و بۆردومانی ئێران بەتۆپی دور هاوێژو ساروخی کاتیۆشا و هێرشی زەمینی دەستی پێکرد. هاوکات هێزەکانی پێشمەرگەش لەچەند قۆڵێکەوە هاتنە ناوشاری هەڵەبجە. لەبەرامبەردا ڕۆژی ١٤ی ئازار، ڕژێمیش لەچەندین قۆڵەوە بۆردومانی بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی هەڵەبجە دەستپێکرد.
لەوکاتەدا ڕژێمی بەعس، چەندین یەکەی سەربازی عێراق لە دەوروبەری هەڵەبجەو ناوشاردا هەبو، بەنمونە "بارەگای لیوایەکی سەربازی لەناوشار، بارەگای یەکەی زرێپۆش ناوشار، یەکەی تۆپی دورهاوێژ لە گووندی دۆڵەمەڕ، بارەگای فەوجی سەربازی لە لوتکەی چیای باڵامبۆ، بارەگای فەوجی سەربازی لە گووندی عەنەب، بارەگای لیوایەکی سەربازی لە گووندی خرچانی، بارەگای فەوجی سەربازی لە گوندی بەڵخە، بارەگای لیوایەکی سەربازی لە قەزای سەید سادق، بارەگای سەربازی فیرقە لە سەرای سوبحان ئاغا، دەیان رەبایەی تری سەربازی لە چیاکانی دەوروپشتی هەڵەبجە بەتایبەت لەسەر زنجیرە چیای بەفری میری، دەیان فەوجی جاش کە لەناوشارو دەرەوەی شارو دەورو بەری بون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی بەعس نەیدەویست بەرگری لەشارەکە بکات، دژ بەپەلامارو بۆردومانەکانی کۆماری ئیسلامی

ئێران.حکومەتی بەعس لەوکاتەدا زیاتر سەرقاڵی جێبەجێکردنی وێرانکردن و کیمیابارانکردنی شارەکە بون، نەک رزگارکردنی. بۆ راستی و دروستی ئەو قسانەی سەرەوە، لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی بەعس بە ژمارە "٢٤٩٣" زۆر نهێنی و تایبەت، کە لە رۆژی ١٨-٣-١٩٨٨ لەلایەن هەواڵگری گشتی سەربازییەوە دەرچوەو "ش١، ق١، ٤٢٤"ی لەسەرە، لە خاڵی "٩" لیوا روکن "عەلی حوسێن عوێد" تۆمەتبار دەکات، کە بەوەی نەیهێشتوە هەڵەبجەییەکان داکۆکی لە شارەکەیان بکەن. هەروەک "فرحان موتڵگە ئەل جبوری" لە یەکێک لە سوڕەکانی دانیشتنی دادگا، دانی بەمەدا ناو سەلماندی کە راستە. (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە)




نەخشەی هێرشی والفجر١٠ بۆ سەر هەڵەبجە.
مجتبی جعفری: اطلس نبردهای ماندگار عملیات نیروهای زمینی درهشت سال دفاع مقدس، چاپ سی وپنجم، تهران، نشرسورەسبز، ١٣٩٣.

٦٤٥

ئەمەش دەرفەتی رەخساند بۆ هێرشی سوپای ئێران بۆ سەرشارەکە بەبێ هیچ بەرگری و کاردانەوەیەک. هەر لەم کاتەشدا تۆپی دوور هاوێژەکانی سوپای ئێران، بەشێوەیەکی بەردەوام و چڕ بەبێ وەستان لەماوەی سێ رۆژ واتا ١٣و ١٤و ١٥-٣-١٩٨٨ بۆ سەرسوپای عێراق بەردەوام بو، ئەوەشی تێبینی دەکرا، وڵامەکانی سوپای عێراق زۆر لاوازو پچڕ پچڕ بو، بەڵکو لەوەش خراپترو مەترسیدارتر، بەرە بەرە سوپای عێراق بەرەو خۆرئاوای هەڵەبجە واتا دەشتی شارەزوور "شارۆچکەی سیروان و پردی زەڵم" پاشەکشێی کرد، بێگومان لەکاتی پاشەکشێ کردنی سوپای عێراقدا، وەک ئاکامی تۆپبارانی چڕو بەردەوامی سوپای ئێران بۆ سەریان زیانی مرۆیی و مادی زۆریان بەرکەوت. رژێمی بەعس زۆر بەوردی و پلانی پێشوەختەی بۆ کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە دارشتبو، ئەوەبو رۆژی ١٤ی مانگ و دورۆژ بەر لەکیمیابارانی هەڵەبجە. رژێم لەرێگەی فرۆکەوە کۆمەڵێک بەیاننامەی بەسەر شاری هەڵەبجەدا خستەخوارەوە، خەڵک ئەوکات پێی وابو وئەمەجۆرێکە لەئاگادارکردنەوە، بەڵام رژێم بەباراندنی ئەو بەیاننامانە ئاراستەی بای لەنێو شارەکەدا تاقی دەکردەوەو ویستی بزانێت کە ئاراستەی با و خێرای با، بەر لەکیمیابارانکردنی شارەکە چۆنە.
ئەوەبو دوا نیوەڕۆی رۆژی ١٥-٣-١٩٨٨ سنوری هەڵەبجە بەتەواوی کەوتە دەستی سوپای پاسدارانی ئێران. لەبەرامبەردا سوپای عێراق بەبێ هیچ بەرەنگارییەک و بەپلانی پێشوەختە هەڵەبجەی بۆ هێزەکانی ئێران جێهێشت و پاشەکشێی کرد. بەمشێوەیە شارەکە خاڵی بوە لە دامو دەزگا ئەمنی و سەربازی و مەدەنییەکانی دەوڵەتی عێراق. (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە)

بەیانی رۆژی ١٦-٣-١٩٨٨، ژیان لەهەڵەبجەدا تارادەیەک ئاسایی بویەوەو هاوڵاتیان چونەوە سەرکارەکانیان. بەڵام لەکاتژمێر ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ، رژێمی بەعس لەرێگەی فرۆکەوە دەستی بەبۆمباران و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کرد، لەرێگەی گازەکانی وەک (خەردەل، فۆس جین، سارین، تابون، سیانید و ڤی ئێکس).
ئەو ناوچەو گەرەکانەی کە ئەو رۆژە بەسەختی کیمیاباران کران، بریتی بون لە (گەڕەکە کانی پیر محمد، بەنزین خانە، کانی قوڵکە، گەڕەکی پاشا، گەڕەکی سەراو، گەڕە کی شەهیدان). پاشان (گەڕەکی جولەکان و مۆردانەش)ی گرتەوە. دواتر رێگە سەرەکیە کانی (عەنەب، بیاوێڵە، خەرپانی، جەلیلە، عەبابەیلێ، شنروێ، سازان، بالانبۆ، ناوچەی نەورۆلی، گوڵان، رێگەی هاوار، بیارە، ئەحمەد ئاو، چەمی زەڵم و دواتر چواردەوری شار، دواتریش تاسنورەکانی ناوئێرانی بۆردومانکرد. ( د.ناجح گوڵپی، ٢٠١٧ )

لەگەڵ بەردەوامی بۆمبارانکردنەکەدا، ئیدی هیچ باڵەخانەو ماڵ و کەسێکی نەهێشت، بەرنەکەوێ. شارەکە غەرق بوو لە بۆمب و دەنگی تەقینەوەو لاشەی شەهیدو بریندارەکان. لەوکاتەشدا ئەوانەی بەرنەکەوتبوون یاخود برینداربون، رێگای چوونە دەرەوەی شاریان گرتەبەر، بەرەو گووندەکانی "باوە کوچەک، بامۆک، سازان، عەبابەیلی، عەنەب". بەوتەی شاهێد حاڵەکان، بۆمبارانی شارەکە، تا کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژر بەردەوام بوە. بەمجۆرەش ماڵ و شەقامی گشتی و کۆڵان و ژێرزەمینەکان پڕبون لە تەرمی ژن و پیاو، مناڵ و پیری هەڵەبجە. ئەو هێرشەش بە فەرمانی تایبەتی "عەلی حەسەن مەجید" وەزیری بەرگری ئەوکاتەی عێراق ئەنجام درا کە دواتر ناسرا بە "عەلی کیمیایی"

و دادگای باڵای تاوانەکان لە ساڵی ٢٠١٠ دا سزای لەسێدارەدانی بەسەدا سەپاند و جێبەجێکرا.
(کارەساتی هەڵەبجە)

ئەم کۆمەڵکوژییەی شاری هەڵەبجە، لە کۆتایی ڕۆژەکانی جەنگی ئێران - عێراق، لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە، ئەنجامدرا. ئەوکات هێزی سەربازیی ئێران سنوری هەڵەبجەی داگیر کردبو، کاتێک سوپای عێراقی هێرشەکانی کردە سەر سنوری هەڵەبجە، سوپای ئێران پاشەکشەی کرد. بەڵام ڕژێمی بەعس بەردەوامیدا بەهێرشەکانی. لەئاکامدا زیاد لە پێنج هەزار هاوڵاتی کوردی بێتاوانی پێکهاتو لە ژن و مناڵ و گەنج شەهیدکران و ١٠ هەزار کەسیش بریندارکران.

## پێنجەم. ئاماری شەهیدو بریندار و بێسەروشوێنەکانی کارەساتەکە

بەپێی ئامارێک کە توێژەر لە دەزگای شەهیدان و ئەنفال کراوانی سلێمانی وەری گرتوە، ژمارەی ئەو شەهیدانەی کەلەلای ئەوان موچە وەردەگرن (١٦٦٤) کەسن ژمارەیەکی زۆریش هەن کە لە هەولێرو دهۆک و هەڵەبجە موچە وەردەگرن. بەڵام بەهۆی هەندێک گرفتی تەکنیکی و سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە ژمارەی دروست و ڕاستی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە نازانرێت. تەنها ئەوەندە هەیە ژمارەیەکی ڕاگەیەنراو هەیەکە بە (٥ هەزار) شەهید خەمڵێنراوە. بۆ نمونە لەدەرەوەی هەڵەبجە لەئێران لەو شاخ و دۆڵەی کە هاونیشتمانیانی لێدەر بازبون تەرمی شەهیدانی زۆر بەجێ ماون و نەتوانراوە تۆمار بکرێن. هەندێک کەس هەن بەواستە کراونەتە شەهید موچە وەردەگرن. بەنیسبەت بریندااران و بەرکەوتوانەوە، ناتوانرێت ئامارێکی دروست لە سەر ئەوان وەربگریت، بەهۆی پەرش و بڵاوییانەوە و دابەش بونیان بەسەر هێزە سیاسیە جیاوازەکاندا، ئەوەی توێژەر لە دەزگای شەهیدان و ئەنفال کراوانی سلێمانی وەری گرتوە(٣٨٠)کەسن. بەهۆی ئەوەی کە تائێستاش لێیان شەهید دەبێت. بریندارو بەرکەوتوی تر زیاد دەکات، بەهۆی گەرانەوەیان لەدەرەوەی وڵات. هەر بۆنمونە (٢٥٠) کەس مامەڵەی بەرکەوتو وەبریندااریان بۆکراوە، تائێستا نەبراون بۆپشکنین بۆئەوەی یەکلابکرێنەوە کە ئەمانە بەرکەوتون، بەهۆی نەبونی لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە.
بەنیسبەت ئاماری هاوڵاتیانی بێ سەروشوێن و ون بوی کارەساتەکە، هەمو ئەو خێزانانەی کە منداڵیان ون بوە چاوەڕێین منداڵێکی هەڵەبجەین دەربکەوێت و بدۆزرێتەوە، کەلەئێستادا تەمەنیان لەنێوان ٣٠ بۆ٤٠ ساڵدایە. لە ئێستاشدا بەپێی ئەو ژمارە سەرەتاییەی کەلە بەردەستەدا ژمارەی ونبوەکان بریتین لە١٧٤ کەس، کە لەلایەن ٧٠ خێزانی هەڵەبجەوە مامەڵەی بێسەروشوێن بونیان بۆکراوە، بەمەبەستی دۆزینەوەیان.
لەمبارەیەوە، کامەران مستەفا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەڵەبجە لەنوێترین دیمانەیدا لەگەڵ سایتی (سبەی) ڕاگەیاندوە:" تا ئێستا ژمارەی ئەو منداڵانەی ونبون و کەسوکاریان سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کردوە بۆ سۆراغکردنیان، ١٧٤ منداڵ تۆمارکراوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ژمارەکەی لەوە زیاترە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ تائێستا تەنها توانراوە ١١ منداڵیان بدۆزرێنەوە".

## شەشەم. ناوی ئەو وڵاتانە بەپێدانی کەرەستەی چەکی کیمیایی هاوکاری ڕژێمی بەعسیان کردوە

خشتەی ژمارە (٤)

| ناوی وڵات | ژمارەی کۆمپانیاکان |
|---|---|
| ١.ئەڵمانیا | ٨٢ |
| ٢.بەریتانیا | ١٧ |
| ٣.نەمسا | ١٧ |
| ٤.ئەمەریکا | ١٤ |
| ٥.بەلجیکا | ١٢ |
| ٦.فەرەنسا | ١٣ |
| ٧.ئیتالیا | ١٢ |
| ٨.سویسرا | ١١ |
| ٩.ئەرژەنتین | ٥ |
| ١٠.ئیسپانیا | ٣ |
| ١١.مۆناکۆ | ٢ |
| ١٢.بەرازیل | ١ |
| ١٣.میسر | ١ |
| ١٤.یۆنان | ١ |
| ١٥.هیند | ١ |
| ١٦.یابان | ١ |
| ١٧.جیرسی | ١ |
| ١٨.پۆڵۆنیا | ١ |
| ١٩.سوید | ١ |

بەپێی ئەم خشتەیە دەردەکەوێت کە ١٩٦کۆمپانیای جۆراوجۆر لە١٩ وڵاتی جیهانەوە کەرەستە چەکیی کیمیاییان بەعێراق فرۆشتوە، لەکۆی ئەو وڵاتانە تەنها یەک وڵاتی عەرەبی تێدایە، ئەویش میسرە واتە ١٨ وڵاتیان ئەورووپین و لەپێشکەوتوترین وڵاتانی جیهانن. ئەمەش ئەو راستیەمان بیردەخاتەوە کەچگە لەدەوڵەتی عێراق و ئەو وڵاتانەشی کەناویان لەم لیستەدا هەیە، بەرپرسیاریەتی مێژوی و ئەخلاقی و یاساییان دەکەوێتەسەر، لەروی سزایی و قەرەبوی زیان لێکەوتوانەوە.

## حەوتەم. ناوی تاوان بارانی دۆسێی کیمیابارانی هەڵە بجە

بەپێی یاداشتێکی دەستەی پارێزەرانی بەرگری کار لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ئەمانەی لای خوارەوەن کەزۆر بەیان دادگای نەکراون

خشتەی ژمارە (٥)

| ناوی سیانی | پلەو بەرپرسیاریەتی |
|---|---|
| ١.عزەت دوری | جێگری سەرۆک کۆماری عیراق |
| ٢.تارق عزیز عیسا | وەزیری دەرەوەی عیراق |
| ٣.عامر ڕشید | سەرپەرشتیاری دروست کردنی چەکی کیمیایی |
| ٤.الدکتورە رحاب | سەرپەرشتیاری بەرهەم هێنانی چەکی کیمیایی |
| ٥.عامر السعدی | جێگری حسین کامل پیشەسازی سەربازی |
| ٦.حسام الدین محمد امین | جێگری حسین کامل پیشەسازی سەربازی |
| ٧.حسین ڕشید محمد | ئەندامی فەرماندەیی هێزە چەکدارە کان |
| ٨.عجاج احمد حردان التکریتی | بەرپرسی زیندانی نوگرە سەلمان |
| ٩.الحکم حسن علی | سەرکردەی فڕۆکەوانان |
| ١٠.غائیب حسون فیفترە | فەرماندەیی هێز |
| ١١.علائ کازم الجنابی امین | رازگری نهێنی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارە کان |
| ١٢.الفریق عبد الستار المعینی | جێگری کارگێڕی فەرماندەیی سوپا |
| ١٣.الفریق زیاالدین جمال | لە فەرماندەیی سوپا |
| ١٤.نعمە فارس المیحیاوی | کارگێڕی ڕاهێنانی سوپا |
| ١٥.سعد شمس الدین | سەرکردەی فەوجی جاشە کان |
| ١٦.سامر عەبدولانصری | عقیدی فڕۆکەوان |
| ١٧.نافع عمران تکریتی | عقیدی فرۆکەوان |
| ١٨.عمار عبد الخالق محمد الدبونی | عقیدی فرۆکەوان |
| ١٩.عبد الوهاب عبد الرزاقالحدی پی | عقیدی فرۆکەوان |
| ٢٠.محمد علی الدوری | موقەدەمی فرۆکەوان |
| ٢١.صلاح الدین زیدان العانی | عمیدی فرۆکەوان |
| ٢٢.حسن عبد المجید التکریتی | فرۆکەوان |
| ٢٣.هیپم ختاب عمر | موقەدەمی فڕۆکەوان |
| ٢٤.کمال عبد الستار عبد الفتاح | لیوای فڕۆکەوان |
| ٢٥.مزاحم صعب حسن | عەمیدی فڕۆکەوان |
| ٢٦.فهد عبد الباقی محمد | عمیدی فرۆکەوان |
| ٢٧.محمد احمد متلوب | عمیدی فرۆکەوان |
| ٢٨.نبیل ندیم صدیق | رائیدی فرۆکەوان |
| ٢٩.عبد حسین علی | رائیدی فرۆکەوان |
| ٣٠.یحی حمید | نقیبی فرۆکەوان |
| ٣١.مزی ایبراهیم رمزی | مولازمی فرۆکەوان |
| ٣٢.کمال مستفا خزر | موقەدەمی قرۆکەوان |

| | |
|---|---|
| ٣٣.مازن احمد محمد | رایدی فرۆکەوان |
| ٣٤.موئەیدصبری جومعە | رایدی فرۆکەوان |
| ٣٥.سعدون تەڵەب علی | رایدی فرۆکەوان |
| ٣٦.محمد علی غازی | رایدی فرۆکەوان |
| ٣٧.محمد زیدان حسین | رایدی فرۆکەوان |
| ٣٨.کریم صاڵح سهو | نەقیبی فرۆکەوان |
| ٣٩.رعد دریعی محمد | مولازمی فرۆکەوان |
| ٤٠.ملاح نیهادعبدالکریم جاسم | مولازمی فرۆکەوان |
| ٤١.خمیس حمادی عبدواللە | مولازمی فرۆکەوان |
| ٤٢.تیار عبدوالکریم اسماعیل محمد | مولازمی فرۆکەوان |
| ٤٣.سعدون فوزی عاکف | فرۆکەوان |
| ٤٤.محمد منصور عبدواللە | نەقیبی فرۆکەوان |
| ٤٥.حسین محمد فتحی | نەقیبی فرۆکەوان |
| ٤٦.لتیف علی حمود | نەقیبی فرۆکەوان |
| ٤٧.محمد فرحان زیاب | مولازمی فرۆکەوان |
| ٤٨.نبیل حازم حواس | مولازمی فرۆکەوان |
| ٤٩.محمد نزار حسیب | مولازمی فرۆکەوان |
| ٥٠.عبد الکریم فتحی | مولازمی فرۆکەوان |
| ٥١.عبد الکریم عبد الرزاق | مولازمی فرۆکەوان |
| ٥٢.جاسم محمد احمد | مولازمی فرۆکەوان |
| ٥٣.حامد یوسف حمادی | بەڕێو بەری دەزگای هەواڵگری گشتی |
| ٥٤.خالد ساجت عزیز الجنابی | نقیبی هەواڵگری سەربازی گشتی |

## هەشتەم: ڕەنگدانەوەی کارەساتی هەڵەبجە لەئاژانسە نێودەوڵەتیەکاندا

چەند ڕۆژێک دوای کارەساتەکە، وردەوردە میدیاو ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان کەوتنە ڕوماڵکردن و گرنگیپێدان بەکارەساتەکە. بەنمونە لەڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ چەند ڕۆژنامەنوسێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز، گفتوگۆیان لەگەڵ چەند رزگاربویەکی هەڵەبجەدا ئەنجامداو بەڤیدیۆ بڵاویانکردەوە، لەڤیدیۆکەدا بەرونی کەکاریگەری گازە ژەهراوییەکان بەسەر جەستەیانەوە دەبینرا، بەتایبەتی کەجەستەیان تلۆقەی کردبو هاوکات دو چاری کێشەی هەناسەدان دەبونەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ڕادیۆی بەلژیکا، لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٤ کوشتاری کیمیابارانی دانیشتوانی هەڵەبجەی لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە ڕوماڵکردو لەبەرنامەکانیاندا هەڵەبجەیان بەراوردکرد، بەژورەکانی بەگاز خنکاندنی نازیەکان، بەڵام لەنێو ژینگەیەکی کراوەدا.

ڕادیۆی ئوسترالیا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٤ ڕایگەیاند کە بەڵگەیەکی زۆریان لەبەر دەستدایە کەدەریدەخەن عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. ڕادیۆکە باسی لەوەشکردوە کە ئەمە یەکەم جار نیە عێراق کاتێ بارودۆخی لەجەنگدا بەرەو خراپ دەچێت پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەبات.

تایبەت بەم کارەساتە، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٦، لەئاژانسی بی بی سی بەریتانیدا، دو پزیشکی بەلژیکی و هۆڵەندی سەر بەڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەگەڵ پسپۆڕێکی بواری کیمیایی، پێکەوە جەختیان لەسەر ئەوە کردوەتەوە کەلە هەڵەبجەدا چەکی کیمیایی بەکارهاتوەو ئەو سارە بەچەکی کیمیایی لێی دراوە.

ڕادیۆی کۆڵنی ئەڵمانیاش کاژێر ١:٣٠ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٩بڵاویکردەوە، لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا لەهیچ گۆشەیەکی دونیادا هێندە بەدڵڕەقی و دڕندانە چەکی کیمیایی بەکارنەهێنراوە. ئەو ڕادیۆیە باسی لەوەشکردوە، کەبەپێی زانیاری ڕێخراوە مرۆیە کان، هێزە چەکدارەکانی عێراق لەماوەی ساڵی ڕابردودا بەبۆمبای کیمیایی پەلاماری نزیکەی ٢٠٠ گوندی کوردنیشین و قەزایەکی کوردستانیان داوە، بەناوی هەڵەبجە. هاوکات گروپی پزیشکانی بێسنور ڕاپۆرتی حۆیان داوە، لەسەر پشت ڕاست کردنەوەی کیمیاباران هەڵەبجە لەلایەن سوپای عێراقەوە.


## نۆیەم: هەڵوێستی ئەمەریکا دەربارەی کارەساتەکە

وەک ئاشکرایە، ئەمەریکا لەجەنگی کەنداوی فارسدا دژ بەئێران، پشتیوانی لەعێراق دەکرد. ئەوکات ئەمەریکا بەهۆی ئەو پشتیوانیەی لەعێراقی دەکرد ئاگاداری ئەوەبو کە عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. بەڵام هەڵوێستەکانی ئەمەریکا لەوکاتەدا زۆر لاواز بو.

بۆ نمونە بەپێی بەڵگەنامەیەک کەئەمریکا پەیوەست بەجەنگی عێراق و ئێران، دەری کردوەو لەئەرشیفی ئاسایشی نەتەوەی زانکۆی جۆرج واشنتن، بەناوی پەخشنامەی ئاسایشی نەتەوەی بڵاوکراوەتەوە. تیایدا دەردەکەوێت کەحکومەتی ئەمەریکی ئاگاداری ئەوە بوە کە عێراق چەکی کیمیاوی دژی پێشمەرگەو سوپای ئێران بەکارهێناوەو هیچ هەڵوێستێکی جدیشی نەبوە لەوکاتەدا. دۆخەکە بەوجۆرە بەردەوامی هەبوە، تا کارگەیشتوەتە ئەوەی عێراق ئەم چەکەشی بەرامبەر هاوڵاتیانی سڤیل بەکارهێناوە.

وێرای ئەموە واشنتن بەباشی ئاگادار بووە سەدام چەکی کیمیاوی هەیە دژ بەهێزە کوردیەکان و هێزە ئێرانیەکانیش بەکاری دەهێنێت، کەبەشێوە شەپۆلی مرۆی بۆبەرەکانی جەنگ دەنێردران. ئەو چەکانەش لەلایەن وڵاتانی خۆرئاواوە بۆی دابین دەکرا. (د.مایکڵ جەی هینی، ٢٠١٢). بۆ نمونە، پەرلەمانتاری بەریتانی تۆنی بێن، لەساڵی ٢٠٠٣ دەربارەی ئەم بابەتە بە بەبی بی سی ڕاگەیاندوە:"ئێمە چەکەکانمان دابین کرد بۆ سەددام، ئێمە پڕچەکمان کرد. من لە پەرلەمان بوم کە هەڵەبجە ڕویدا، باسمان کرد، بەڵام پێیان وتین کە ناتوانین هیچ بکەین، چونکە عێراق هاوپەیمانە".( Capitalism: the case against).

لە (١٧)تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٩٢ کۆمیتەی بانک داری نیشتە جێ کردن بۆکاروباری شارەوانی (سنە) دەستی بەکۆبونەوەی لێپێچینەوەکردو ڕایگەیاند "ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کۆمەڵێک ئامێری کیمیاوی و بایلۆجی ناوەکی و سیستمی موشەکی بۆعێراق ناردوە لە پیشە سازی سەربازی پەیوەست بەبەرنامەی کیمیاوی بایلۆجیە ناوەکیەکانی عێراق بەکار هێنراون. (د.مایکڵ جەی هینی، ٢٠١٢)




(نەخشەی شوێنی ئەو بۆمبە ناپاڵمانەی کەبەر شاری هەڵەبجە کەوتوە لەکاتی کیمیابارانی 1988/3/16دا)
The Map of Bombarded Places with Napalm-Halabja- 16/03/1988

# بەشی سێهەم

## بارو دۆخی دوای کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە

لەگەڵ روودانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئەو شارەو دەوروبەری، ڕوویان لەسنورەکانی ئێران کرد، بەمەبەستی پاراستنی ژیانی خۆیان و بەهاناوەچونی بەرکەوتوان و بریندارەکانیان. لەبەرامبەردا کۆماری ئیسلامی ئێران، بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەی گەڕۆکی پێکهێنا بۆچارەسەرکردنی بەرکەوتوەکان، زۆرێک لەبریندارەکانیش ڕەوانە نەخۆشخانەکانی کرماشان و سنەو تاران هتد... کران.


لەو گواستنەوەو جێگۆڕکێیەشدا جارێکی دیکە خەڵکی هەڵەبجە و ڕزگاربوەکانیان بونەوە بەقوربانی، زۆرێک لەخێزانە رزگاربوەکان و ئەوانەی بریندارو بەرکەوتوەی چەکی کیمیایان لەنێواندابون. لێکدابران و زۆرێکیان مندالەکانیان لێ ون بون، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەندێکیان شوێن بزرن. هاوکات خێزانە ڕاگوازراوەکان، ماڵومولکێکی نەختینەی وەک زێرو خشڵ و پارەو شتومەکی شەخسیان بەتاڵانبراو نەبونەوە بەخاوەنی.

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەچەند روویەکەوە، تیشک بخەینە سەر لێکەوتەو کاریگەرییەکانی چەکی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجەو هاوڵاتیانەکەی، لەوکاتەدا.

## یەکەم: کاریگەری چەکی کیمیای لەسەر لایەنە مرۆیەکانی شاری هەڵەبجە

بەکارهێنانی ئەم چەکە لەوکاتەدا بویە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە، لەکۆمەڵگەیەکی سقیلەوە بۆکۆمەڵگەیەکی سەربازی، چونکە هەر لەدوای روداوی کیمیابارانکردنی شارەکە، خەڵکی سقیلی هەڵەبجە پاش شەهید بونی زیاد لە (٥٠٠٠)کەس بریندداربونی زیاد لە(١٠٠٠٠) هەزارکەس و ڕوخاندن و وێرانکردنی خانوماڵی هاونیشتمانیانی ئەوشارە، ئیدی شاری هەڵەبجە لەلایەن خەڵکی سقیلەوە چۆڵکراو شارەکە بویە سەربازگەیەکی ئێرانی، لەگەڵ بونی هێزە کوردییەکان کەئەوکات لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا یەکیان گرتبو. بەمجۆرە لەوکاتەدا ئەم شارە هیچ بنەمایەکی مەدەنی تیادا نەما جگە لەتەرم و کاولکاری و سەرباز نەبێت، یەمەش سیمای ناوچەکی سەربازی بەوشارە بەخشی وەک لەشارێکی مەدەنی.

بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٦) کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوبەرایەتی توێژینەوەو ئامارەوە ئەنجام دراوە ساڵی ٢٠٠٨ وە لە پرۆژەی بەئەرشیف کردنی جینۆسایدی گەلی کورد –زنجیرە ٤ بڵاوکراوەتەوە تیایدائاماژە دراوە بەوەی زۆربەی شەهیدانی کیمیا باران لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەن کەرێژەی(٥٠.٢٩%)




## دوەم: کاریگەری و لێکەوتەی چەکی کیمیایی لەسەر خەڵکی هەڵەبجە

کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیای لەسەر هاولاتیانی شاری هەڵەبجە، لەوکاتەوە هەتا ئەمرۆ درێژەی هەیە. بەتایبەت لەروی تەندروستییەوە. ئەو کاریگەریەش بە دوجۆرە دەردەکەوێت.
کاریگەری کتوپڕ، وەک ئەوەی ئەوکاتەی ئەو چەکە بەر خەڵکەکە کەوتوەو بوەتە هۆی گیانلەدەستدان وبریندار بونی هاولاتیانی ئەو شارە، کاریگەری دواتریش ئەوەیە کە دوای چەند ساڵێک بەدەر دەردەکەوێت، بەتایبەت لەسەر ئەوکەسانەی برینداربون یاخود کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتوی ئەو شارە. ئەوەش بەشێوەی چەند نەخۆشیەکی کوشندە. ئەوە جگە لەکاریگەرییەکانی ئەو چەکە لەسەر سروشت و پیسبونی ژینگەو هەوای هەڵەبجە.
سەرەڕای تێپەڕبونی زیاتر لە ٣٣ ساڵ بەسەر ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی هەڵەبجە، رۆژانە لێرەو لەوێ لێکەوتەی ئەم چەکە لەسەر هاولاتیانی ئەو شارەو نەوەی نوێش بەدەردەکەوێت. لەنمونەی زیادبونی رێژەی نەزۆکی و شێرپەنجە و نەخۆشییە زگماکییەکانی وەک ئۆتیزم و شەلەل دەماغ لەمنداڵانی تازە لەدایک بو. هاوکات لەروی مرۆیشەوە چەندین گرفتی گەورە گەورەی بۆ هاولاتیانی ئەو شارە بەجێ هێشتوە، لەوانە بونی ژمارەیەکی زۆر خاوەن پێداویستی تایبەت و ژمارەیەکی زۆر لەبریندارو شەهیدی زیندو. کە تا ئەمرۆش بەدەست ئازارەکانی ئەو چەکەوە دەتلێنەوەو گیان لەدەستدەدەن. بەپێی ئامارێک کەوەزارەتی شەهیدان ئەنفال کراوان بڵاوییان کردوەتەوە ساڵی ٢٠٠٦ لەکۆی ٥٤٤ نەخۆش١٧٧ بەهۆی کیمیابارانەوە نەخۆش کەوتون. بروانە هێکاری ژمارە(٧-تا١٠).

بەمجۆرە دوای تێپەربونی ٣٣ ساڵ و لەئێستاشدا بەپارێزگابونی ئەو شارە، بەڵام هێشتا هەڵەبجە بەدەست نەبونی سیماکانی شاری پێشکەوتو و نەبونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە دەناڵێنێت. دوای ئەو ماوە زۆرە هێشتا شارەکە بەپێی پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوەو لێرەو لەوێ سیمای کاولکارییەکانی ساڵی ١٩٨٨ی پێوەدیارە.

(عەینە) پێکهاتوە لە (٥٤٤) نەخۆش

نمونەی ئەنفال (٣٦٧) نمونەی کیمیاباران (١٧٧)

### خشتەی (٧) ڕەگەزی نمونەکە

| جۆری نمونە | نێر | مێ | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| ئەنفال | ٧٩ | ٢٨٨ | ٣٦٧ |
| کیمیاباران | ٦٤ | ١١٣ | ١٧٧ |
| کۆی گشتی | ١٤٣ | ٤٠١ | ٥٤٤ |

### خشتەی (٨) تەمەنی نمونەکە

| جۆری نمونە | ١ تا ١٠ ساڵ | ١١ تا ٢٠ ساڵ | ٢١ تا ٣٠ ساڵ | ٣١ تا زیاتر | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەنفال | ٠ | ١٥ | ٧٥ | ٢٧٧ | ٣٦٧ |
| کیمیاباران | ٠ | ٥ | ٤٦ | ١٢٦ | ١٧٧ |
| کۆی گشتی | ٠ | ٢٠ | ١٢١ | ٤٠٣ | ٥٤٤ |

### خشتەی (٩) کەمئەندامان

| جۆری کەمئەندامی | کیمیاباران | ئەنفال | نێر | مێ | سلێمانی | هەولێر | کەرکوک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەست | ٠ | ٤ | ٢ | ٢ | ٣ | ١ | ٠ |
| قاچ | ٠ | ٤ | ٠ | ٤ | ١ | ٣ | ٠ |
| چاو | ٤ | ٨ | ٧ | ٥ | ٦ | ٤ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٤ | ١٦ | ٩ | ١١ | ١٠ | ٨ | ٢ |

خشتەی (١٠) جۆری نەخۆشی و ڕەگەز

| جۆر | کیمیاباران | ئەنفال | کۆ | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|---|
| چاو | ١١٤ | ١٥٥ | ٢٦٩ | ٦٦ | ٢٠٣ |
| سیەکان | ١٣٥ | ٤٣ | ١٧٨ | ٥٢ | ١١٨ |
| هەناو | ١٠ | ١٦١ | ١٧١ | ٢٧ | ١٤٣ |
| فەقەرات | ٢ | ١٣٨ | ١٤٠ | ١٥ | ١٢٥ |
| فشاری خوێن | ٢ | ١٠١ | ١٠٣ | ٩ | ٩٤ |
| گورگ و گوێ و لوت | ٦ | ٦٤ | ٧٠ | ١٥ | ٥٥ |
| پێست | ٣١ | ٢١ | ٥٢ | ٢٠ | ٣٢ |
| دەروونی | ٧ | ٤١ | ٤٨ | ١١ | ٣٧ |
| شەکرە | ١ | ٤٠ | ٤١ | ٤ | ٣٧ |
| ئازاری دەست و قاچ | ٠ | ١٧ | ١٧ | ٢ | ١٥ |
| ڕۆماتیزم | ٠ | ١٤ | ١٤ | ٣ | ١١ |
| دڵ | ٢ | ١٤ | ١٦ | ٤ | ١٢ |
| نەزۆکی | ٢ | ١ | ٣ | ٠ | ٣ |
| هتر | ٣ | ١٠ | ١٣ | ٣ | ١٠ |
| شەلەل دەما غ | ٢ | ٦ | ٨ | ٣ | ٥ |
| شەلەل | ٠ | ٧ | ٧ | ١ | ٦ |
| سوتان | ٥ | ٥ | ١٠ | ٤ | ٦ |
| شێر پەنجە | ٠ | ٥ | ٥ | ٠ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣٢٢ | ٨٤٣ | ١١٦٥ | ٢٣٩ | ٩١٧ |

کامەران مستەفا، لەبەرێوەبەرایەتی شەهیدانی هەڵەبجە، لەبارەی دۆخی ئێستای بەرکەوتوانی چەکی کیمیای دەڵێت:"بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەدو ساڵی رابردودا نەتوانراوە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە بۆ چارەسەرکردن رەوانەی دەرەوە بکرێن. بەڵام تیمێکی پسپۆڕی ئێرانی چارەسەری بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی دەکەن، بەشێکی دیکەشیان لە نەخۆشخانەی ژیان بۆ بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی چارەسەر وەردەگرن، بەڵام وەرگرتنی چارەسەرەکە ناتوانێت تیماری برینەکانیان بکات."

رونیشیکردوەتەوە:"ئەگەر بەرکەوتەیەکی چەکی کیمیایی لەکاتی بەرکەوتنیدا رێژەکەی لە (٢٠%) بوبێت ئەوا ئێستا بەرەو هەڵکشان دەچێت و وردە وردە سەرتاپای لەشی دەگرێتەوە، بەهۆی ئەو ئازارەشیانەوە رۆژانە بەرکەوتوان کۆچی دوایی دەکەن".

## سێهەم: کاریگەری کیمیایی لەسەر نەوەکانی داهاتو

ئەم گازە زۆرترین کاریگەری هەبوە لەسەر دانیشتوان و نەوەکانی ئەو شارە، بەپێی لێکۆڵینەوە زانستیەکانی (د.مستەفای قانعی، د.عادل کەریم، د.سەید عباسی فروتن، حسێن شەهرستانی، د. ڤالا


فەرید، د.ژان پاسکاڵ زاندەرسن... و ژمارەیەک دکتۆری تر)، کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان کردوە، لەو بوارەدا، دەست نیشانی دەیان نەخۆشی ترسناکیان کردوە، کە ئەگەری هەیە لەداهاتودا بەرۆکی خەڵکی ئەو ناوچەیە بگرێتەوە، لەئێستاشدا دەیان نەخۆشی وەک (شێر پەنجە، نەزۆکی، ئۆتیزم، منداڵی نابەکام و هەناسە توندی و ڕە بۆ، نەخۆشی چاو و پێست، لەدایک بونی کۆرپەلەی مردو ...) بەردەوام لەزیادبوندان و هەڕەشەن لەسەر نەوەکانی داهاتوی هەڵەبجە.

لەو توێژینەوانەی کەکراون لەم بوارەدا توێژینەوەکەی (کریستن جۆسرین)ە، ئەم خانمە پرۆفیسۆرە لەزانکۆی لیڤەرپوڵ، بەپێی ئەو توێژینەوەیە دەرکەوتوە کەئاسەواری ژەهراوی بون، دەگوازرێتەوە بۆنەوەی دوەمی ئەوکەسانەی بەرکەوتون. هەرلەولێکۆڵینەوەیەدا (جۆسرین) پێی وایە مادە کیمیاییەکان کاریگەریان لەسەر کۆرپەلە هەیەو دەبێتەهۆی توشبون بەشێرپەنجەو تێکچونی جەستەیی ونەزۆکی ونابینای، تێکچونی دەرونی.
لەدوای سێ ساڵ لەکیمیابارانی ئەو شارە پرۆفیسۆرو زانای ناوەکی (حسێن شەهرستانی)، سەردانی شاری هەڵەبجەی کردوەو داکۆکی لەئەنجامی هەمو دەرهاویشتەکانی کیمیابارانکردنی ئەوشارە کرد. وەئاماژەی بەوەداوە ڕژێمی بەعس بۆنی سێویی تێکەڵی ژەهرەکان کردوە بۆئەوەی خەڵک بەئاسانی هەڵی بمژن، ئەوگازانە سەنگین و قورس بون بۆ ئەوەی بەئاسانی بچنە شوێنە نزمەکان، ئەم توێژەرانە بۆیان دەرکەوت بەرکەوتوانی هەڵەبجە توشی ئەم نەخۆشیانە بون: (کۆئەندامی دەماری و شێرپەنجەی سیەکان، لەدایکبونی نائاسایی، کاریگەری لەسەرپێست وچاوو کۆئەندامی هەناسە، توشبونی ژمارەیەکی زۆری ژن وپیاوبە نەزۆکی).

لەساڵی(٢٠٠٢) صالح ئەحمەد حمە مامۆستای بایلۆژی لەزانکۆی سلێمانی توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجامدا بۆ (٥٥) کەس لەژن و پیاو کەدانیشتوی شاری هەڵەبجە بون، ئەنجامی توێژینەوەکە گەیشتە ئەم راستیانە: (٧٥%) کێشەی هەناسەیان هەبو، (٧٥%) توشی نەخۆشی چاوبون، (٥٠%) توشی نەخۆشی پێست بون . بەشێکی تریان لەیەک کاتدا توشی هەمو نەخۆشیەکان بون. (١٢.٥%)ی ئەو بەرکەوتوانە توانای بەرگری نەخۆشیان لەخەڵکی ئاسای کەمتر بوو.

بەپێی زانیاری ئەو توێژینەوانە، دەردەکەوێت کەکاریگەری ئەو گازانە، بەتایبەت لەسەر دەربازبوانی کارەساتەکە لەداهاتودا زۆر زیاترە، وەک کاریگەری لەسەر کۆئەندامی زاوزێی مرۆڤ، کەم ئەندامی زگ ماک، کاریگەری درێژ خایەن، لەسەر کۆئەندامی دەمار و سایکۆلۆجیای مرۆڤ، بەتایبەت لەسەر ئەو کەسانەی کە لەکاتی پەلامارو بۆمبارانە کەدا تەمەنیان کەم بوە، توش بونی ژنان بەنەزۆکی و توش بونی منداڵان بەشێرپەنجە لەدایک بونی کۆرپەلەی مردو لە ئاستێکی بەرچاودایە. هیچ ڕێبازێکی تەندروستی بەهێز نەدۆزراوەتەوە کە بتوانێت سەرجەم کاریگەریە نەگەتیڤە درێژخایەنەکانی ئەم بۆردومانە لەسەردەرباز بوان سارێژ بکات. .(د.مایکل جەی هینی، ٢٠١٢)

بەپێی ئامارێک وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم و بەڕێوبەریەتی توێژینەوەو ئامار لەساڵی ٢٠٠٨ بڵاوی کردوەتەوە، دەردەکەوێت زۆرترین شەهیدو قوربانی لەقەزای هەڵەبجەی سەر بەپارێزگای سلێمانین. بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١١).




یەکێکی تر لەو پاشماوانەی کە کاریگەری ژەهراوی بون لەداهاتودا زیاد دەکەن، بریتیە لەپاکنەکردنەوەی بەشێک لەناوچە بەرکەوتوەکان و ژێرزەمینەکان، کەلەکاتی خۆیدا بونە گۆڕستانی شەهیدانی ئەو شارە.
هاوکات، هۆکارێکی تری ژەهراوی بونی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئەو کەلوپەلانەن کە تائێستاش ئاڵوگۆڕو کڕین و فرۆشتنیان پێوە ئەکرێت لەناو بازاڕی ئەو شارەدا، وەک دەرگاو پەنجەرەو شیشی موسەلەح دەیان کەرەستەی تری ئەو ماڵە ڕوخێنراوانە کە هێشتا بەکار دێن. (چاوپێکەوتن: کاسب کاری ناوبازاری هەڵە بجە، ٢٠١٩\١٢\٢٥).

## چوارەم: کاریگەری ئەو چەکە لەسەر ڕاگواستن و بێسەرو شوێن کردن

کاتێک هەڵەبجە بۆردومان کرا بەچەکی کیمیای لەبەرواری (١٦|٣|١٩٨٨) خەڵکی ئەو شارە کۆمەڵێکی زۆریان لێ شەهید بون کۆمەڵیکی تریشان کەخۆی لەسەرو(١٠٠٠٠)کەس دەبینیەوە بریندداربون و گواسترانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی (تاران، تلَقانی ابوعلی). ئەوانەشی بەسەلامەتی دەرچون ئەو شارەیان جێهێشت و ڕوەو سنورەکانی ئێران و شار بەتەواوی چۆڵ بوو. دەتوانین ئەمە بەخاڵی یەکەمی ڕاگواستنی خەڵکی ئەو شارە دابنێین، ئەو ڕاگواستنەش کاریگەری نەرێنی دانا لەسەردانیشتوانی

ئەوشارە چونکە هەرئەوانەی کەبەسەلامەتی دەرچون لەڕوی دەرونیەوە داڕمابون وەکۆمەڵێک منداڵ و پیرو پەککەوتەش بێسەرو شوێن بون، هەندێکەسیش بونە قوربانی لوغمە دانراوەکانی شەڕی ئێران عێراق، هەندێک لەمنداڵان دایکو باوکیان شەهیدبون بێسەرپەرشت ملی ڕێیانگرتەبەر، دواتر لەخەستەخانەکانی تاراندا، ئەوبریندارانەی لەوێ بون دەگێڕنەوە کەزێڕو کەلوپەلی بەنرخیان پێبوە هەموی ون بوە، منداڵە ون بوەکانیش لەلایەن هەندێ خەڵکەوە براون و بەخێوکراون، کەتائێستاش خزم وکەسیان لەدویان دەگەڕێن و بەتەمای دۆزینەوەیانن. (چاوپێکەوتن : شاهد حاڵ پارێزەرێک کە ئەو کات پێشمەرگەی حزبی شوعی بوە٢٢\٢\٢٠١٩)

## پێنجەم: کاریگەری لەسەردابەش بونی دیمۆگرافیای هەڵەبجە

لەکاتی ڕودانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی هەڵەبجەدا، شارەکە لەڕوی دیمۆگرافیەوە گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات. چونکە ئەم جینۆسایدو کۆمەڵکوژیە بویە هۆی چۆڵکردنی دانیشتوانی ئەوشارە، دواتر شارەکە بویە سەربازگەیەک و بەرەیەکی شەڕی نێوان دو دەوڵەتی زلهێزی عێراق و ئێران. بەمجۆرە هەڵەبجە بویە گۆڕە پانی تاقی کردنەوەی چەکی قەدەغەکراو، بویە شانۆی پێکدادانی دوشارستانیەت، لەئەنجامی ئەو جەنگەش خەڵکی لەلایەن خەڵکی هەڵەبجە بەپلەی یەکەم باجەکەیاندا. سەرئەنجام هەڵەبجە وێرای کاولکارییەکەی، شارەکەش دابەشبونێکی پڕ تراژیدیای دانیشتوانەکەی بەخۆیەوە بینی. ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی دوای ئەوکارەساتەو جێهێشتنی هەڵەبجە جارێکی دیکە نەگەڕانەوە بۆ ئەو شارە.

## شەشەم. کاریگەریەکان لەڕوی ئابوریەوە


ئەم کۆمەڵکوژی وجینۆسایدکردنە زیانێکی مادی زۆرو زەوزەندی بەجوتیاران و بازرگانانی ئەوشارە گەیاند. هەر لەوێران بونی کێڵگەکانیانەوە تاوەکو تالانکردنی دوکان و بازاڕو شوێنی نیشتەجێ بونیان، سوپای ئێران کاتێک دەستی بەسەر هەڵەبجەو ناحیەکانی سیروان خورماڵ و بیارەدا گرت دوای ئەوە هەمو فەرمانگەو کەل وپەل و ئامێرە سەربازیەکانیش دەستیان بەسەردا گیراو زۆرینەیان ئاودیوکران و گواسترانەوە بۆ ئێران. لەدیارترین ئەوشوێنانەش دوای کارەساتەکە بەتالانبران بریتی بون لە:

1. کارگەی چاک کردنی توتن بەهەموو ئامێرو چەند عەمبار توتنیشەوە.
2. کەلوپەل و ئامێرو ئوتم بێلی( ١١ ) فەرمانگەی خزمەت گوزاری مەدەنی، وەک نەخۆشخانەکان و فەرمانگەی بەریدو گواستنەوە و کارەبا ئاگر کوژێنەوە.
3. وێستگەی سەرەکی کارەبای قەزای هەڵەبجە، ٥٥ محاویلەی کارەبا، کەبۆ سیستمی کارەبای ئێران بەکارنایەت زیاتر لە (٥٠ کم)سیمی کارەبا، هەمو ستونەکانی کارەبا و تەلەفۆنی دەرەوەی شار.
4. هەمو ئامێرو ئۆتۆمبێلەکانی فەرمانگەی کشتوکاڵ و شارەوانی، کەهەندێک شۆفڵ و تراکتۆری مەدەنیش بەو ناوەوە بران نەدۆزرانەوە.

5. سەدان ئۆتۆمبێلی هاونیشتمانیان، یان دوکان و کەلوپەل و ئامێرەکانی ناوی بران و نەدۆزرانەوە.
6. گەنم و جۆی ئەوساڵەی سنورەکە هەموو دروێنە کرا گواسترایەوە بۆ ئێران هەندێک لەو جوتیارانەی کە بەڵگە نامەیان هەبو، بەمەزەندە گەنم و جۆکەیان بۆگەڕایەوە.
7. کتێبخانەی گشتی هەڵەبجەی شەهید کەنزیکەی(١٧٦٠٠)پەرتوکی تیابوو.
8. کەلوپەلی ٢٥ قوتابخانە بەمێزو تەختە ڕەش و دەفتەرو قەڵەمی قوتابیانیشەوە.
9. کەلوپەل و ئامێری کارە باو فەرش و ڕاخەری ٢١ مزگەوت.

ئێران بە خواستی خۆی بەرواری(١٣) تەموزی (١٩٨٨) لەهەڵەبجە کشایەوە، بەچەند ڕۆژ پێش ئاشکرا کردنی وەستانی شەڕەکاتی کشانەوەدا بەخێرای دەستی دایە تەقاندنەوەی دام و دەزگا کانی دەوڵەت بەو چەند ڕۆژە تەنها فریای تەقاندنەوەی (٧٥)بینای دەوڵەت کەوت کەزۆر بەیان قوتابخانەو نەخۆشخانەو دەزگای خزمەت گوزاری بون. ئێران بەدەر لەیارمەتیە مرۆیە کان کەپێشکەشی خەڵکی هەڵەبجەی کرد، دەستی لە بەشێک لەتاڵان کردنی هەڵەبجەدا هەبوو هاوشانی شاڵاوی جینۆساید لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. (تەهاسلێمان، ٢٠١٥ل٥٨).

بەپێی ئامارێک کە وەزارەتی شەهیدان ئەنفال کراوان بەڕێوبەرایەتی توێژینەوەو ئامار لەپرۆژەی ئەرشیفی جینۆسایدی گەلی کورد –ژمارە ٤ بڵاوی کردوەتەوە ژمارەی ئەو ئامێرو کەلو پەلانەی دیاری کردوە کەتیاچون. بڕوانە هێلکاری ژمارە (١٢).



## پوختەو دەرئەنجام

وەک ئاشکرایە ئەم توێژینەوەیە ئامانجی بوو بگات بەو دەر ئەنجامانەی کە پەیوەندیان بەو کۆمەڵ کوژی و جینۆسایدەی خەڵکی هەڵەبجەوە هەبوە. بۆئەم مەبەستەش هەوڵدرا وەڵامی پرسیارەکانی ئامانجە تایبەتەکانی توێژینەوەکە بدرێتەوە، کەپەیوەندیان هەبو، بەئامانجە گشتیەکەوە .
بۆئەم مەبەستەش ئەم بەشە هەڵدەستێت بەدەرخستن ورونکردنەوەی پوختەی گرنگترین دەرئەنجام و دۆزینەوەکانی توێژینەوە کە لەپەیوەندی بەو ئامانجانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردن. دواتر توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردە دەخاتە ڕو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی ڕوبەڕوی قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە دەبنەوە. بەمەبەستی چارەسەرەسەری کێشەی بریندارو بەرکەوتوان و بێسەرو شوێن کراوان و خێزانی شەهیدەکانی ئەو کۆمەڵکوژیەی هەڵەبجە.

پوختەی دەستکەوتو دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە:
١)	کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو جینۆساید کردنی خەڵکی ئەوشارە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بوە، بەپێی ئەو بەڵگە مێژوویانەی کە نوسراون لەوکاتەدا .
٢)	کۆماری ئیسلامی ئێران لەوکاتەدا هێزە کوردییەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێناوەو زۆر جاریش لە پەیماننامەو ڕێکەوتنەکاندا ئەو مەرجانەی جێبەجێ نەکردوە کەلەگەڵ هێزە کوردییەکان پێشتر لەسەری ڕێکەوتبون.
٣)	دەوڵەتانی زلهێزی جیهان، بەتایبەتی ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەت، لەوکاتەدابەوەکالەت جەنگیان لەجەون ناوچەیەکی جیهان بەرێوەدەبرد. جەنگی ئێران و عێراقیش لەو سیاسەتەی ئەو دو زلهێزەی ئەو سەردەمە بەدەرنەبو. بەمجۆرە بەشێک لەخاکی عێراق و ئێران و بەدیاریکراوی سنوری هەڵەبجە، بوە مەیدانی بۆتاقی کردنەوەی نوێترین چەکەکانی ئەو سەردەمەو ساغکردنەوەیان، لەرێگەی فرۆشتنیان بەهەردو دەوڵەتەکە.
٤) هەڵەی سەرکردایەتی شۆڕش و بەرەی کوردستانی ئەو کات کە چاوەڕوانی ئەو کۆمەڵکوژیەیان نەدەکرد، لەڕژێمی دڕندەی بەعس، هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵیاندا لەرێگەی هەڵەبجەوە هێرشەکانی بەعس بۆ سەر پێشمەرگە سوک بکەن و لەرێگەی بەرەیەکی دیکەوە رژێمی بەعس زیاتر سەرقاڵ بکەن.
٥)	نەبونی دۆستێکی ڕاست گۆ بۆ خەڵکی کوردستان هسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەدەمەوە هاتنی خەڵکی کوردستان و هەڵەبجە لەکاتی ئەو کارەساتەدا.

## راسپاردەکان بۆچارەسەری کێشەکان

١) هەوڵدان بۆبنبڕکردنی ئەوجۆرە چەکە لەسەر ئاستی جیهان .

٢) دیراسەکردنی کاریگەری ئەو مادانە لەسەر خەڵکی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی لەکاتی ڕودانی ئەو جۆرە مەترسیەدا، بتوانرێت کاریگەریەکانی کەم بکرێنەوە و چارە سەری بەپەلەی زیان لێکەوتوان بکرێت.

٣) هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەومادانە لەسەرژینگەی ئەوناوچانەی بۆمباران کراوان.

٤) لێپرسینەوەو دادگای کردنی ئەو کەسانەی کە ئەو چەکەیان بەکارهێناوە، یان یارمەتی دەست کەوتنی ئەو جۆرە چەکانە ئەدەن، یان ئەوانەی بازرگانیان پێوە دەکەن .

٥) ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە کاربکات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ڕوداوەکەو لەهەموو ڕوە سیاسی و قانونی و زانستی و تەندروستیەکانەوە.

٦) هەوڵدان بۆ دیاری کردنی ئەو کۆمپانیاو کارگانەی ئەو وڵاتانە کەدەستیان هەبوە لەفرۆشتنی ئەو مادانە بەڕژێمی لەناو چوی بەعس و وەرگرتنی قەرەبوی مادی بۆخەڵکی هەڵەبجە لەو کۆمپانیاوکارگەو بازرگانانە.

٧) لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی زانستی ورد، وەک سەرژمێری وردی قوربانیان بریندارەکان و دانانی لیژنەیەکی پسپۆڕ، بۆ وەرگرتنی سەرژمێری تەواوی شەهیدان و بەدواداچونی شوێن بزرەکان و دیاری کردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هەڵدانەوەی ئەو ژێرزەمینانەی بونەتە گۆڕی بەکۆمەڵ، بەشێوەیەکی زانستی وگەڕان بەدوای ئەو بۆمبانەی لەکاتی بۆمبارانە کەدا نەتەقیون و تائێستا مەترسین بۆسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە.

٨) نەهێشتنی مامەڵەکردن بەو کەل و پەلانەی کەلە خانوە وێران کراوەکاندا بەجێماون. لەناو بازاڕەکانی هەڵەبجەدا مامەڵەیان پێوە دەکرێت، وەک شیش و دەرگاو پەنجەرەو تەلی کارەباو سەرجەم کەرەستەکانی خانوبەرە وێران بوەکان .

٩) لێکۆڵینەوە لەژینگەی ناوچەکە ئایا لەڕوی تەندروستیەوە کاریگەری ماوە لەسەر ناوچەکە، یان نا. چونکە گەر کاریگەری مابێت دەبێت ڕێنمای تەندروستی دەربکرێت بۆ خۆپاراستنی هاونیشتمانیان وفریاکەوتنی ئەو بەرکەوتوانەی کەتائێستا ماون و ناوبەناو لێیان شەهید دەبێت.

١٠) ئاشکرا کردنی ناوی ئەو تاوان بارانەی کە بونەتە هۆکاری ئەو کارەساتەو دادگای کردنی سەرجەم ئەنجام دەرانی وەکار کردن بۆبەزیندو هێشتنەوەی ئەو مەرگە ساتە لەمێژودا، بەدروست کردنی چەندین مۆزەخانەی پیشکەوتو زانستی لەشاری هەڵەبجە.

## سەرچاوەکان

### کتێب


١. نەوشیروان مستەفا امین، ١٩٩٧، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستان ١٩٧٩-١٩٨٣، بەرلین.

٢. نەوشیروان مستە فا امین، ١٩٩٩،خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستان ١٩٨٤-١٩٨٨، بەرلین.

٣. شەوکەتی حاجی موشیر، ١٩٩٨، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو بەهاری١٩٨٨، سلێمانی.

٤. مەحمود قەرەداغی، ٢٠٠٦، لەو دیو سنورەکانی مەرگەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٥. مەحمود سەنگاوی، ٢٠٠٧، جاش وجینۆساید کۆمەڵێک دیکۆمێنت لەسەر ڕۆڵی موستە شارەکان لە ئەنفالدا، مەکتەبی بیرو هوشیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

٦. بەکر حمەصدیق عارف، ٢٠٠٧، لاپەڕەیەک لەمێژووی هەڵەبجە ١٧٠٠-١٩٥٨، چاپەمەنی گەنج.

٧. لیام اندرسن، کاریس ستاند فیل، ٢٠٠٨،ئایندەی عێراق، دیکتاتۆری، دیموکراسی، یان دابەش بون، چاپخانەی ڕەنج.

٨. د.هێرش محمد امین، ٢٠٠٨، لە هەڵەبجەوە بۆنوگرە سەلمان سەدوهەشتا ڕۆژ چاوەڕوانی، چاپخانەی شڤان سلێمانی.

٩. د.فایق گوڵپی،٢٠١٠سیاسەتی نەتەوەپەرستی داگیرکەران وپەرچەکرداری خێڵەکی کورد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی

١٠.سەید عباسی فروتن، ٢٠١٠،کورتەیەک لەمێژووی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە وەک نمونە، بەڕێوە بەریەتی یادگاری هەڵە بجە بەشی ڕاگەیاندن، چاپخانەی کارۆ

١١.علی مەحمود محمد، ٢٠١١،دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات ودەرئەنجامە کانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر

١٢.ئەحمەدی ناتقی، ٢٠١١،دەنگی بێدەنگی، دەزگای سەراسیمورغی سەحەر، وەزارەتیشەهیدان و ئەنفال کراوانی هەرێمی کوردستان

١٣.ن.کنوت. ڤ. بەرگەم- بیئاتە. ئەکی لەڤە شیدال، گوننارم، ٢٠١١،کورتە باسێک سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

١٤.مەلابەختیار، ٢٠١٢،چۆن چەپکێک کام مێژووی کۆمەڵە، دەزگای چاپ و پەخشی حمدی

١٥.سعید بەشیر، ٢٠١٣،ڕەهەندە نێودەوڵە تیە کانی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەریەتی یادگاری هەڵە بجە

١٦.مایکڵ کیلی، ٢٠١٣، هەڵەبجەو ئەنفال لە بەڵگە نهێنیە کانی ئەمریکا، چاپخانەی ڕۆشنبیر

١٧.محمد محمد سعید ئەحمەد، ٢٠١٣، بەرپرسیایەتی تاوان کاری لەتاوانی ڕەشەکوژی شاری هەڵەبجە –سلێمانی

١٨.تەها سلێمان، ٢٠١٤،جینۆساید زنجیرەیەک گفتوگۆ لەکەناڵی ئاسمانی ڕێگا، دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان، چاپخانەی پیرەمێرد – سلێمانی

١٩.تەهاسلێمان، ٢٠١٥، دۆسیێ هەڵە بجە لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە، چاپخانەی ئازادی –سلێمانی

٢٠.تەهاسلێمان،٢٠١٥،دۆسیێ هەڵەبجە ٢لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە

٢١.ن-پ-د.مایکل کیل ج کیلی،٢٠١٥، تارماییەکانی هەڵەبجە سەددام حوسین جینۆسایدی کورد، چاپخانەی پیرە مێرد.

٢٢.محمد محمد سعید، ٢٠١٦، گۆڕە بەکۆمەڵەکانی هەڵەبجە.

٢٣.د.ناجح گوڵپی، ٢٠١٧،پانۆرامای چەکی کیمیاییلەکوردستان،گروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە

٢٤.د.مستەفای قانعی، د.شهریاری خاتری، د.ئومیدرزایی،٢٠١٧،ڕێبەری تەندروستی وسەلامەتی بۆبەرکەوتوانی کیمیایی و چاودێریە تەندروستیە کان، چاپەمەنی گەنج

٢٥.عادل صدیق، ٢٠١٨، کۆمەڵ کوژی کورد لەجەنگی ئێران –عێراق هەڵەبجە ١٩٨٨\٣\١٦

گۆڤارو ڕۆژنامە


١. عومەر عەبدول، ٢٠١٣، چاوپێکەوتن، یادەوەریە کانی ١٩٨٨\٣\١٦ ڕۆژی تاوانە گەورەکە بەرگی ٣، ١-٥٠.

٢. عومەر عەبدول، ٢٠١٣، چاوپێکەوتن، یادەوەریە کانی ١٩٨٨١٩٨٨\٣\١٦ ڕۆژی تاوانە گەورەکە بەرگی ٤، ١-٥٠.

٣. عومەر عەبدول ٢٠١٣، چاوپێکەوتن، یادەوەریە کانی ١٩٨٨\٣\١٦ ١٩٨٨ ڕۆژی تاوانە گەورەکە بەرگی٥، ١-٥٠.

٤. عومەر عەبدول ٢٠١٣، چاوپێکەوتن، یادەوەریە کانی ١٩٨٨\٣\١٦ ١٩٨٨ ڕۆژی تاوانە گەورەکە بەرگی٦، ١-٥٠.

٥. عومەر عەبدول، ٢٠١٣، چاوپێکەوتن، یادەوەریە کانی ١٩٨٨\٣\١٦ ١٩٨٨ ڕۆژی تاوانە گەورەکە بەرگ٧، ١-٥٠.

٦. عومەر عەبدول ٢٠١٣، چاوپێکەوتن، یادەوەریە کانی ١٩٨٨\٣\١٦ ١٩٨٨ ڕۆژی تاوانە گەورەکە بەرگ٨، ١-٥٠.

٧. عومەر عەبدول ٢٠١٣، چاوپێکەوتن، یادەوەریە کانی ١٩٨٨\٣\١٦ ١٩٨٨ ڕۆژی تاوانە گەورەکە بەرگ١٠، ١-٥٠.

٨. محمد غفور شریف ٢٠١٠لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و ئابوری قەزای هەڵەبجە، هەڵەبجە، بەرگی ٢١، ١٠٢


## چاوپێکەوتن :


١. نەجمەدین حەمە سەعید، پێشمەرگەی حزبی شوعی. ٢٠١٩، سلێمانی. توێژەر.

٢. کاسب کارێکی ناو بازاری هەڵەبجە، قوربانی چەکی کیمیاوی، ٢٠١٩ هەڵەبجە.

٣. کامەران مستەفا، بەرێوبەرایەتی دەزگای شەهیدان وئەنفالکراوانی سلێمانی، ٢٠١٩، سلێمانی، توێژەر.

## سەرچاوەی نێت:

١. ئەلەند ئەکرەم، گازی خەردەل، سایتی:

https://zaniary.com/blog/5fca8f07bceae/%DA%AF%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%D8%AE%DB%95%D8%B1%D8%AF%DB%95%D9%84

٢. ئەلەند ئەکرەم، مەترسییەکانی گازی تابوون، سایتی:

https://zaniary.com/blog/5fca7ba5276d7/%D9%85%DB%95%D8%AA%D8%B1%D8%B3%DB%8C%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C-%DA%AF%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D9%88%D9%88%D9%86

٣. ئەلەند ئەکرەم، مەترسییەکانی گازی ڤی ئێکس، سایتی:

https://zaniary.com/blog/5fca7926a6a80/%D9%85%DB%95%D8%AA%D8%B1%D8%B3%DB%8C%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C-%DA%AF%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%DA%A4%DB%8C-%D8%A6%DB%8E%DA%A9%D8%B3-VX

٤. د. ناجح گوڵپی، چەکی کیمیایی سایتی:

https://dengekan.info/archives/2915

٥. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، سایتی:

http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=2496&Jor=67&Jor2=4

٦. کامەران مستەفا: تا ئێستا تەنها (١١) منداڵی ونبوی هەڵەبجە دۆزراونەتەوە، سایتی:

https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=31527

٧. دەربارەی هەڵەبجە، سایتی:

/https://uoh.edu.iq/ku/about-halabja

٨. کارا کوردستانی، دەربارەی هەڵەبجەی شەهید، سایتی:

https://zaniary.com/blog/5d5dbed5df179/%D8%AF%D9%87%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D9%87%DB%8C-

%D9%87%D9%87%DA%B5%D9%87%D8%A8%D8%AC%D9%87%DB%8C-%D8%B4%D9%87%D9%87%DB%8C%D8%AF

**9) Capitalism: the case against, the site:**

http://news.bbc.co.uk/2/hi/programmes/hardtalk/3193818.stm